


شیعر

# هێشووی عەشق

مەهاباد قەرەداغی

مەهاباد قەرەداغی

# هێشـووی عـەشـق



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## مەهاباد قەرەداغی

# هێشووی عەشق

## شیعر



ناوی کتێب: هێشووی عەشق - دیوان
شیعری: مەهاباد قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٨٢
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان و هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا و هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

هەقمە ئەوەندە خۆشم بوێی

# ئەو پردانەی ناگەنە هیچ کوێ!

## پردی چارەنووس

دەبووایە یەک ڕێ، لە دووڕیانی کۆچ هەڵبژێرم
کۆچی دوایی، یان عەشقی هەتاهەتایی!!
ئەڤین بۆ هەتا هەتا هەتایە،
کۆچی عەشقی کرد بە چارەنووسم
لەناو ئەڤینداراندا، منی هەڵبژارد بۆ سەردەستە!
چەند شادمانم کە جوانی وڵاتمە و،
هۆنراوە ماڵمە و،
وشە، ژوورە ڕووناکەکەمە و
پیتەکان، ئەو پەنجەرانەن لەبەردەمیاندا دادەنیشم و،
هەتا دەتوانم لێیانەوە دەڕوانمە تۆ!

## پردی سەراب

بڕیارم داوە بڕۆم
بەسەر ئەو پردەدا دەپەڕێمەوە،
کەئەودیووم نابەستێتەوە بە ئەمدیووم!
لەم دیوودا بەخت نەیارە!
یاریمان لەگەڵ ناکات!
ئەو دیوو، ئۆقیانووسێکە لە بریسکە!
تا چاو هەتەر کا، ئاوەدانییە، ئاونگە!
بەخت یارە، و
منداڵئاسا پێکەوە یاری دەکەین!
بڕیارم داوە بڕۆم!
بمبوورە کە بە بێ تۆ دەڕۆم!
بەڵام خاترجەم بە، کە دەڕۆم، خۆمت لا بەجێدەهێڵم!
بەبێ خۆم دەڕۆم! من بەبێ تۆ و بەبێ خۆم لەم پردە
دەپەڕێمەوە!



## پردی پەیمان

لەو پەیڤانەت ناگەم کە ڕاشکاوانە،
ڕێک و ڕەوان پێمیان دەڵێی
تەنها و تەنها لەو پەیڤانە دەگەم
کە هێشتا نەتگووتوون و،
کە هەرگیز بە منیان ناڵێی!
ئەو پەیڤانەی کە پەیامی پەیمانێکن و
پێکەوەمان دەبەستنەوە!
ئەو پەیڤانەی،
کە هەرگیز نابن بە کەلەپچە و کۆت و،
هەرگیز نامانبەستنەوە!

## پردی پەشیمانی

پەشیمانم لەو ساتانەی کە هێشتا بەسەرنەچوون،
لەو ڕۆژانەی کە ڕۆژێ دێن و،
وەک نەهاتبن ئاوا دەبن!
پەشیمانم لە تەمەنی داهاتووم،
کە وەک پردی ڕابردوو بە بەردەممدا تێدەپەڕن!
تەنها لەو ساتانە پەشیمان نیم،
کە بزێوانە بەسەر کەندولەندی ژیانا هەڵدەزنیم،
لەو کارانەی کە دەیانگووت نابێ بیکەم و،
کردمن!
لەو وتانەی کە تابوو بوون و،
گووتمن!
من لە هەموو ژیان،
بێجگە لەو ژیانەی کە ژیام،
پەشیمانم!

## پردی کارەسات

هەموو ڕێییەک دەچێتەوە سەر ئەم پردە و،
ئەم پردەش ناتگەیەنێتە هیچ کوێی ژیان!
دوورگەیەکە لە چاڵ!
ئۆقیانووسێکە لە ئاگر!
پردێکە لە سەراب،
لە پەشیمانی،
لە پەیماننامەی خیانەت،
لە چارەنووسی تاڵ!
پردێکە لە هەڵوەرین،
لە نێژران،
لە سووتەک،
لە کاولستان...
پردێکە لە کار، لە سات.
ئەنفال! پردێکە لە کارەسات!

٢٠٠٣/١١/٢٤

## هەسارەیەکی دوور دوور

## دوورتر لە دووری

چاوت هەموو شتێ دەڵێ، زمانت هیچ نادرکێنێ
کە دەمدەیتێ واژەگوڵێ
سەرسام و سەرمەستم دەکەی
بۆنی پەنجەت هەموو دنیا دەهەژێنێ!

ئێمە سەرەتا بەفر بووین،
بە گڕی عەشق تواینەوە، بووین بە دوو تنۆکی پاراو!
ئەوسا ئاونگی ڕوومەتی گوڵەباخ بووین
ئێستا بارانی هەمیشەی سۆزە، دەمانکاتە لافاو!

مەستم بە هەست، شێتم بە سۆزی بێپەروا
ئەو ئەوینەی ویستی تەنیا بە بەردەمدا گوزەرکا
هەرگیز ڕێگەم نەدا بڕوا!

هاتن ئاسانە،چوونەوە کارەساتە!!!
ئازاری چوار وەرزی ساڵە!
خۆشەویستی ساناترە لە پێک هەڵدان
ئەوە عەشقە، ئەفسووسی تاڵە، مەحاڵە!
سەرەتامان نوقمی زەلکاوی ڕووداو بوو،
فڕین تاقە سەبووری بوو!
ئاسمان نەیدەهێشت لە سەر زەمینا بمرین!
ئەستێرە نەیدەهێشت بگرین!
مانگ نەیدەهێشت ئاوا ببین،
خۆر نەیدەهێشت بکوژێینەوە!
سەرەتامان هەر ڕووداو بوو!
هەر کۆچی سوور، خۆدەربازکردن لە داو بوو!

ڕووداو، ڕووداو. ڕووداو!!!
لە تاو ڕووداو...
وروژمی لافاوی ڕووداو!



زەمین شێت بوو، سروشت هار بوو، هاربوو، هاربوو... هار!
لە تاو زەمینی شێت، سروشتی هار!
ئاسمان نەیدەزانی پەنا بۆ کوێ بەرێ!
ئەستێرە، مانگ، خۆر، من و تۆ!
تار بووین، تاربووین، تار، تار... تار!

چەند کارەساتە ئەمجارە... ئەم ڕووداوە!!!
دوکەڵ ئاسمانی لە توێی خۆی حەشار داوە!
دوکەڵ... دوکەڵ!
تەنها دوکەڵ نیشتیمانە
تەنها دوکەڵ پەناگەیە و تاراوگەی ئاسمانمانە!
ئەفسووس هاوڕێم...
ئیدی لە ناو نەزیفی ڕووداوەکاندا...
ئاسمانیش نەماوە...
تا پیاسەیەکی نەرمی ناو هەورەکان
دادێکمان بدا! هەی داد، هەی بێداد!
چرای ئەستێرەکانیش نەماون هاوڕێ!
ماچ گیان دەدا، عەشق دەمرێ!
هەی بێداد، هەی بێداد!

وەرە هاوڕێ!
بۆ ئەوەی دوارۆژمان نەبێت بە کارەسات!
هەسارەیەکی تر بۆ ئەڤین چێکەین!
هەسارەیەک... دوور دوور دوورتر لە دووری!
هەسارەیەک دوور لە سەرزەمینی ڕووداو!
دوور لە ئاسمانی ناو دوکەڵ
هەسارەیەک هیچ زانایەکی نەزان نەیدۆزێتەوە و
نەیکاتە تاقیگەی بارووت!
هیچ دارتاشێ نەیدۆزێتەوە و نەیکاتە کارگەی تابووت!

هەسارەیەک
دوور... دوور... دوور!!!!
بۆ هەردووکمان!
تۆ بە بێ خۆت!
من بەبێ خۆم!
تا دڵنیا بم نە (من) دەتکەم بە هی (خۆم)!
نە (تۆ) دەمکەی بە هی(خۆت)!
هەسارەیەک، هاوڕێ، هەسارەیەک
جێیەکی نەبێ لە هیچ کوێ!
تا دڵنیابم نە زانا، نە دارتاش دەیدۆزێتەوە!!!
هەسارەیەک کات و سات و چرکەی نەبێت،
ساڵ و مانگ و ڕۆژی نەبێ!
تا دڵنیابم دیرۆکێ تۆمار نابێ... دیرۆکی دوکەڵ!
هەسارەیەک...
ئای هاوڕێ گیان هەسارەیەک!
هەسارەیەک لەدایکبوونی تیانەبێت
تا دڵنیابم لە هیچ کوێی ئەم هەسارەیەمان
کەسێک نافەوتێ!
تا دڵنیا بم ئیدی هیچ دایکێک لە هیچ کوێ...
جگەری ناشەوتێ!
هاوڕێ گیان... لەم هەسارەیە
من و تۆ هەر ڕۆحمان بەسە!
بە ڕۆح یەکتری دەدوێنین، تەنیا بە ڕۆح!
ڕۆحی ڕووت!
هەر بە ڕۆح... یەکتریمان وەک هەمیشە و
بۆ هەمیشە خۆش دەوێ
هاوڕێ لەم هەسارەیەدا
من و تۆ جەستەمان ناوێ...
نەبادا جەستەمان بکرێتە زیندان بۆ گیان!



نەبادا بکرێتە شوێنی سزادان!
لەم هەسارەیەدا هاوڕێ
تکایە با مرۆڤ نەبین!
تا ئەم هەسارەیەش تژی نەبێت لە تاوان!
لە ڕووداو!
پڕ نەبێت لە تەقینەوەی مین و شینی لەناکاو!
هاوڕێ لەم هەسارە نوێیە
تکایە با خودا نەبین!
تا ئەویش نوقمی نادادی و سزا نەبێت!
پڕ کڕنۆش و ملکەچی... پاڕانەوە و نزا نەبێت!

وەرە هاوڕێ!
با گیان بین... گیان!
گیانی شیرینی دوو مەلی نادیار و ئەفسووناوی!
گیانی بێڕەنگ، گیانی ئاوی!
دوو گیانی جیا...
دوو مراوی!
تێکەڵ نەبین!
تائەم هەسارەیەش بە گیانی تر، گیانی ساوا!
ئاوەدان نەبێتەوە، ئاوا!
تا من و تۆ لە هێمنیدا نوقم بین،
باڵمان لە تیشک هەڵکێشین!
عەشقمان ببێت بە هەور و، ڕوندکیشمان بە باران!

وەرە هاوڕێ!
تا دەرەنگتر نەبووە هەسارەکە چێکەین!
هەسارەیەک لە سۆز،لە عەشق، لە نوور!
هەسارەیەکی دوور دوور دوور، دوورتر لە دووری دوور!! دوور!!

٢٠٠٣/١١/١٠

# یۆگایەک لە ژواندا

لەوێ، کە هەموو شتێ تامی ئاورینگ دەدا
کە جوانییەکان لە بەر تیشک ڕاکشاون...
لەگەڵ سیحرا دەدوێن
لەوێ،
هەستەکان پەیتا پەیتا،
بە سەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن
لەوێ، سۆزەکان لە ئامێزی یەکتردا
لە ژێر ڕووناکی چراکانی چاو
بە چرپە داستانی چاوبازی بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و،
لە حەژمەتی عەشقدا... دەبن بە تنۆکێ ئاو!
لەوێ، کە هەموو لە هێمنیدا،
لە خاوبوونەوە و خەودا،
لە ناز و نیازدا،
خەڵتانی خەڵوەتن!
کە هەموو لە ژێر شۆڕەبی شەودا
بە سۆنگەی ماچێ، غەرقی لەززەتن،
لەوێ، کە گشتمان چوون گژوگیا
بە دەم لەرزانەکانی سەماوە دەلەرینەوە
بە دەم شنەکانی شادیدا دەخەنینەوە
لەوێ... تەنها تاوێ
نەرم نەرم... لە سێبەری خاوی خۆرەتاوێ
تۆ وەرە... و...
چاوێ لە چاوی چەپی ڕۆحم کە... و
نیگاری وردی ناخم بکێشە!
چاوێ لە چاوی ڕاستی ڕازم کە... و
بە مەستییەوە حەسرەت بکێشە!
لەوێ... کە تۆ هەڵوەدا و من هەودام
کە تۆ مەستی هەستی و... من سەودام



کە تۆ لانەوازێکی بێ نیازی و... من جێگام
لە قووڵایی قەوارەمدا ئۆقرە بگرە و،
لە ناو پەناگای نیگامدا ببورێوە
بە دەم بورانەوە و سەماوە
لە پێکێکی کرِیستاڵدا کامەرانیم وێدە...
تا بەختیاریت بۆ چێ کەم
ئەدرەسی بینایيتم بۆ بنێرە...
تا لە ناو زەرفی چاومدا سۆماییمت بۆ بەرێکەم
بە باڵەکانمەوەت دەپێچمەوە... تا دەخەوی و ناخەوی
هەر کە نووستی و نەنووستی،
بە دەم خەونێکی شەرابی سادەوە
لە ساتەکانی سەودایی و سەهەندەییم ڕامێنە
تا بڕوانمە شینایی شێتیت
لەوێ...
لە ژووانگەی بەرخۆری خۆرهەڵاتدا
خاڵێک هەیە ڕەش... چوون سۆماییم
بیکە بە ڕووگە و... ڕووی تێکە
لەوێ... من تنۆکێ ئاونگم بە سەر سونبولێکەوە
کە شەوانە لەبەر ساتەشەرمی ژووان خەڵتانی ئارەقە!
ئێستا بە دەم ڕامانێکی تیشک ئاساوە
لەسەر ئەم نەرمەچنوورەی جێ ژووان ڕاکشێ و...
لە بەر خاوەردا... خاوبەرەوە!
تا ئەوپەڕی خاوبوونەوە
چاولێک بنێ!
دەبینی... فریشتەیەک دێت و
فەرشی فەرامۆشیت بۆ ڕادەخات
سەرینێکی یاسەمەنت لەژێر سەر دەنێت
لێفەیەکی لاولاوت بە سەردا دەدات

دەبینی،
بارانێکی شەوبۆ گوڵاوپەرژێنت دەکات
خەیاڵێکی وەنەوشەیی ختوکەت دەدات
چاوت لێک بنێ و، بنۆڕە
چۆن لە ئاسمانەوە ئاورینگ،
نەرم نەرم نیگات تەڕ دەکات
چۆن لە زەمینەوە کەروێشکەی گیا...
گیانت دەبزوێنێ!
چاوت لێک بنێ و... تەنها بیر لە عەشق بکەرەوە
تەنها لە هەردووکمان و
لە هەودایی و لە سەودایی!
لە سەودایی و... لە هەودایی
هێمن هێمن،
ڕا بمێنە... لە قوڵایی قەوارەی هەردووکمان
بیر بکەرەوە...
لەو دارسێوەی کە لە سێبەریدا تێرسەمامان کرد
لەو گەڵایانەی کردمانن بە کراس
لەو لقانەی کە یادگارییەکانی عەشقمان لەسەر نووسی!
هێمنتر و... قوڵتر
قوڵتر و قوڵتر
ئارام ئارام... لای ئەو دارسێوە بمێنەرەوە...
جەستەت تژیکە لە ڕووناکی ژووان
چاوت تژیکە لە ڕووانینی نیان
گوێکانت پڕ کە لە چەهچەهەی ڕامووسان
دەروونت پڕاوپڕ کە...
لە سۆزی هەمیشەیی عەشق و،
دەماخت پڕ، پڕ کە لە بۆنی ئاوێزان!
ئێستا... چاوەکانت پڕن لە چاوئەنداز!



دەروونت تژییە لە وزەو نیاز،
دڵیشت پڕ، پڕە لە قوڵپەی ئەڤین و... لە
بەزم و ئاواز!
ئێستا... تۆ بۆ هەمیشە لەوێی،
لەوێ، کە هەموو شتێ تامی تەلیسم و تەما دەدا
لەوێ کە هەموو بۆنێ وەک شەوبۆ خۆشە!
هەموو ساتێ وەک سەما سرکە!
ئیدی تۆ لەوێی! لە ئامێزی من... لە بەر خاوەری خەونمدا
بۆ هەتا هەتایە لەوێی،
لەوێ کە گەڵاکانی دارسێوی ئەڤین
گیانمان دادەپۆشێ بە سەوزیی
لەوێ، کە جوانییەکان لە بەر تیشک ڕاکشاون...
لەگەڵ تەلیسم و تەما دەدوێن
لەوێ... کە هەستەکان پەیتا پەیتا،
بەسەر شانۆ خزەکانی ئاوەزدا دەخلیسکێن!
لەوێ، هەردووکمان هەسارەئاسا
بە تەنافی تریفەوە هەڵواسراوین،
لە بۆشاییدا وەکو زەنگ دێین و دەچین
زرینگانەوەمان عەشقە و... دەجریوێنێ بە ناز
جریوەمان زەنگە و... دەنگە و... ئاوازی نیاز
ئاوازی توانەوە لە بۆتەی گوڵدا،
دەنگی ترپە ترپی تەما، لە نۆتەی دڵدا!
لەوێ... سات سەرهەڵدەگرێ و... کات کاڵ دەبێتەوە، کاڵ!
شەو شەوارە دەکات و ڕۆژ ڕێی لێ ون دەبێ،
سروشت حاڵ دەیگرێ، حاڵ!
لەوێ، ماناکان لە فەرهەنگدا دووی ئەڤین دەکەون!
پیتەکانی ماچ لە ئامێزی ئاوێزاندا کۆدەبنەوە
واژەکان دەست لە ملی وروژان دەکەن!

**له باوەشی هەژان دەخەون!**
**له خەوندا... پیتەکان خێرا خێرا له خۆیان**
**خەندە، خاوەر، خەیاڵ و خاوبوونەوە چێد دەکەن**
**تا خەیاڵ بڕکات، خاوەر بە ڕووماندا دەخەنێتەوە!**
**لەوێ، کە من و تۆ تەنیاترین تەنیاین...**
**من و تۆ... هەم مرۆڤین هەم... خوداین!**
**بۆ هەتا هەتایە... له ئامێزت دەگرم و له ئامێزم بگرە!**
**تا دیمەنی ئاوێزانمان دەبێتە پەیکەری دڵ!**
**تا نەرم نەرم دەتوێینەوە و دەڕژێینە ناو بۆتەی گوڵ!**

ستۆکهۆڵم ۲۰۰۳/۷/۲

## لێرە
## و
## لەوێشم!

سەرتاپا سیحرە یاد،
سیحرێکی پەتی، سیحرێکی ئالۆز!
یاد نەبێ، چۆن دەتوانم لێرە و لەوێش بم!؟
خۆم و ئەویش بم!؟
من ئێستام پڕە لە ئەوسا،
گەورەییم پڕە لە منداڵی!
ئەفسوونە، یەک پارچە ئەفسوون!
ئەو ئاوێنەیەی لۆچەکانی نێوچەوانی ڕابردووت
بۆ دەکا بە پیشانگا!
ئەو کامێرا نادیارەی بەجێت ناهێڵێ،
بەجێیشی بێڵی بە خێرایی تیشک، بە خێرایی با
پێت دەگا!
ساتەکانی ئێستات بۆ دەخاتە زەمبیلەیەکی قاوەیی
دوێنێ و ئەمڕۆت پیشانی سبەینێت دەدا!

سەرتاپا سیحرە خەیاڵ،
سیحرێکی پەتی، سیحرێکی نایاب!
لە سایەی باڵی ئەودا،
لە ئاسمانی ئایندەدا دەفڕم،
لە سەرزەمینی ئێستادا دەنیشمەوە و،
لە ناو ئەشکەوتی دوێنێدا سەرخەو دەشکێنم!

یاد نەبووایە،
کوا ئەوسا ئەوەندە ئامادە و تەیار بوو
کوا بوخچەی دوێنێی دڵم لە ئەمڕۆدا دەکرایەوە!
خەیاڵ نەبێ،
چۆن ئەم گوڵی ڕازانەم لە باخچەی سبەینێ دا دەڕوێن؟
خەیاڵ نەبێ، کوانێ لەسبەینێدا ژیان هەیە؟!



سارتاپا داناییە، لەیادچوونەوە!
داناییەکی تژی لە ژیری!
لێوانلێو لە ئاوەز،
پڕاوپڕ لە پیری!
لە یادچوونەوە نەبوایە...
هەمیشە لە پرسەدا بووم!
دەبووایە هەمیشە نیگام خوسابێ و،
هەنیسکم سۆز بکا!
لە یادچوونەوە نەبووایە،
دەبوایە هەمیشە بارگاوی بم بە ژان،
ژنێک بم لە دۆزەخ!
لە گریان و هەژان!

سەرتاپا بەهرەمەندییە، فەرامۆشی،
فەرامۆشی نەبێ، فەرشی غوربەت دەبێتە جاوی مردن!
ژاوەژاوی ئەو بێدەنگییەی بازرەقەی بەستووە، کاسی
دەکردین!

من ژنێکم، دەوڵەمەند بە یاد
زەنگین بە خەیاڵ!
هەژار بە لە یادچوونەوە و فەرامۆشی!
سواڵکەرێکی گوزەری فەرامۆشیم!
قەلەندەرێکی بەرقاپیی یادگاریم!

٢٠٠٣/٥/١٧ ستۆکهۆڵم

# من بە هەناسەی پەپوولەیەک دەژیم

بێزارم لە دووریت!
ناکرێ،
هەتاکەی بتوانم وەک دەریا هاژەم بێ!
هەتا کەی بتوانم،
لەناو تۆفانی مەرەکەبدا، سەربڕاوانە پەلەقاژەم بێ!
هەتاکەی؟
دایە گیان بتوانم،
لە ساتی خەماندا،
بە خەیاڵ بچمەژێر باڵتەوە و،
وەک ئەوسا دەم بنێم بە گۆی مەمکی چەپت
بە دەنگی سترانی ترپەی دڵ، دڵی پەپوولەییت، دڵنیا
خەوم لێ بکەوێ!
هەتا کەی لێرەوە...
لە ساتی ترساندا، لە خەوندا بێمەوە ئامێزت
وەک ئەوسا بەدەنگی گورگانەشەوێ!
گورگانم لێ دوورخەی، وا بکەی
کۆرپەکەت خەوی لێ بکەوێ؟!
دایە گیان... هەتا کەی؟!
هەتا کەی بە خەیاڵ پەنجەکانت بکەم بە شانە
لەو هەموو ساتانە کە لە تاو مەرگەژان و هەژاندا سەرم
دەبێتە مەیتخانە!
کە تامەزرۆی دەستەکانتم... بێت و لەباوەشی ناولەپا
پاڵێخات!
هەیهات... دایە... هەیهات!
بۆ دەبووایە لەناو قەرسیلی بەفرەوە
سووتانم بتەزێ؟
چی دەبوو هەر لەناو گەرمیانی جەستەتدا بمابام،
وەک ئەوسا هەرمێکەی هەناوت
لە پەنای گوێمدا وەک شەقشەقە



لێی دابا؟!
چی دەبوو دوای یەکەمین خەندە، هیچی تر فێرنەبام؟!
هیچی تر! هیچی تر!
تۆ دەتگووت:
(مەهە گیان!
کە زگم بە تۆ پڕ بوو،
تامەزرۆی کاغەز بووم،
بێزووم بە لاپەڕەی ڕۆژنامە و
ڕووپەلی پەرتووکی کۆنەوە دەکرد و،
تێر دەمجوو،
وام دەجوو ببێتە هەویر و قووتی دەم.)
زۆر کەسان بەم ئاکارە سەیرەت قاقایان لێ دەدا!!
دەیانگووت:
(زۆر سەیرە دووگیانێ تامەزرۆی جووینی کاغەز بێت!
کێ ئەمەی کردووە؟!)
دەیانگووت:
(خۆ مەرەکەب ژەهرە!
هەر باشە ئاولەمەی بەستەزمانی ناوزگت بە ژەهری
ڕۆژنامە زەردەکان، نەمردووە!)
دایە گیان،
کچەتاقانەکەی (مام سۆفی)!
پەپوولەژنەکەی کە منت کردە سۆفیگەرێ
دەتگووت: عەزیزەکەم،
لە دەروونی خۆتدا بۆ خودا و، بۆ جوانی بگەڕێ!
لە یادمە! دایە گیان، یاد سەیرە!
لە یادمە!
یەکەم ژووانی تۆ و من، پاش عەیامێ ونبوون!
قەدەرێ کە من لە ژێرخانی دنیایەکی تەنگ و باریک...
تۆ لە جەنگەڵێکی سامناک و تاریکدا، لێک ونبووین!

ژووانێ،
لە تارمایی باڵای پۆلیسەگورگێکدا ڕووی ئەدا!
بە زمان هیچمان نەگووت،
بە دڵ هەستت دەکرد دەترسم،
بە چاو هەستم دەکرد گورگانەشەوێکەی جارانم بۆ دەڵێی!
کە ڕۆیشتی، بە دەنگ هیچم نەبیست!
بوار نەبوو دەنگتم لادانێی و بڵێی:
خوات لەگەڵ کەنیشکە جوانەکەم
خوات لەگەڵ، حەیاتم!
تەنها فووت لێ کردم!
فووی دوای زنجیرە نزای لە دڵی خۆتەوە کردبووت:
(خوایە، ئەم دوێتە چواردەساڵەیەم دووربێ
لە بەڵای ناگەهان، لە زۆری زاڵمان،
لە،، لە،، لە،)
فووەکانی تۆ نەبووایە دایە،
دەمێک بوو کوژرابووم!
دەمێ بوو بە کاغەزەکانمەوە،
هەر لەوێ
لەژێرخانێکی (بەغدای پایتەخت!) دا
لەکۆگۆڕێکی بێناونیشاندا نێژرابووم یان نەنێژرابووم!
فووەکان نەبووایە ئێستاکە،
دەبوایە بچووبای لە بەر دەروازەی پایتەختدا
دەرۆزەی لەتێ ئێسک و، دوو لەت پروسکت کردبا!
دایەگیان، چەند بەدبەختبوون هاوڕێکانم،
کە بوار نەدران فوویەکی دایکیشیان بەرکەوێ!
چەند بەدبەخت بوون،
کەلەسەر و ئێسک و پروسکی ناو کیسەکان!
فووەکانی تۆ بوون دایە،
ئەسپێکانیان لێ دوورخستمەوە،
دومەڵەکانی سەرتاپایان سارێژ کردمەوە!



فووەکانت تەنها فوو نەبوون !
هەناسە بوون، لە کاتی خنکاندا
هەتووان بوون،
لە کاتی ئەشکەنجەداندا!
دەستەکانی خۆت بوون،
بۆ سڕینەوەی چاوە گریاوەکانم،
لە کاتی هەنیسکی زۆر تووندی
دوای ئەشکەنجەداندا !

کێ دەڵێ دایە گیان هەر ئەو فووەی تۆ نەیهێنام بۆ ئێرە
تاراوگە!
تا دوورم خاتەوە لە (زۆری زاڵمان!)
کێ دەڵێ ئێستاکەش هەر بەو هەناسەفووەی تۆ ناژیم !
کێ دەڵێ ئێستاکەش هەر لەناو کیشوەری جەستەتدا حەشارت نەداوم!
کوا بەڵگە ؟!
بەوەیدا کە بەناو توونێلی درێژی دەیان مەرگ،
تێپەڕیم و، ماوم
هەستم وام پێ دەڵێ!
نەستم وام پێ دەڵێ!
مەحاڵ بوو بتوانم لەم هەموو هەڵدێرە دەرباز بم،
تۆم لەگەڵدا نەبای!
مەحاڵ بوو ئەوەندە عاشق بم،
گەر پەپوولەی ڕۆحت
هەمیشە لێرانە و لەناوما نەبووایە !
مەحاڵ بوو ئەوەندە نوقمی ناو جوانی بم،
گەر سۆمای چاوانت
هەمیشە لە چاوما نەبووایە !
مەحاڵ بوو، مەحاڵ!
زۆر مەحاڵ بوو، دایە!!

٢٠٠٣/١١/١٢ ستۆکهۆڵم

لە ژێر ساباتی ماچدا
تا بێ کۆتا خۆشەویستی!

ساوایەتی و، خوایەتییە عەشق!
یان ساوایە، یان خوایە عاشق

جار نا، ساوایە
لەبەر دەروازەکانی مەراق و تەنیایی و خەوندا،
گڕوگاڵێتی، خەڵتانی ئەسرینە، تا تریفە نەبێ بە
لانکەی هەدا نادا، تا گزنگ ماچی نەکا ناخەوێ!
هەندێ جاریش خوایە
گەردوونێ لە پەڕەی گوڵ، سەمفۆنیایەک لە خورپەی دڵ،
ئاسمانێ لە ماچی زیووین، زەمینێ لە زایەڵەی ئەڤین،
دەئافرێنێ
داهێنەرە، عەشق!
لە مەنگی و شینایی دەریا شەرابێ بۆ مەستبوونی
هەستەکان، ئاوێنەیەک بۆ ڕووانینی مەبەستەکان
دەسازێنێ!
وێرانکەرە، عەشق! دەوێرێ لە خووڕڕەی شەپۆلەکان
بوومەلەرزەیەکی لەززەت بهەژێنێ،گڕکانێک لە جەستەی
جووتێ پەپوولەی پەمەیی هەڵگیرسێنێ!

ساوایەتییە، ئەو ساتانە، مەستانە لەژێر ساباتی ماچدا
پەپوولەکان، لە لێواری لێوە لە هەنگوینی ئەوین
لێوانلێوەکان، سەمایەکی سادە و شل و مل دەکەن!
خوایەتییە، ئەو خولەکە پڕ لە خەتایانەی، کە
پەنجەکانی خەیاڵ، ختووکەی لاملی دوو مراوی لە
ئاوێزانی یەکتریدا نووستوو، دەدەن!

ساوایەتییە، سەودایەتی!
ساتەکانی شەلاڵبوون لە عەتری عەشق، خەڵتان بوون لە
یەکتری، نقوومبوون لە خوایەتی!
شەیدایەتییە، شێتییە، خوایەتی



## پەیام، شیعر، عەشق

هەموو شتێکم لەدەست چوو
خەیاڵ و،
شیعر و،
عەشق نەبێ،
هەمیشە وان لە توێشەکەم!
ئەوان دەمکەن بە پێغەمبەر
ئەوان ئایندەم چۆن بوێ، بۆم نەخش دەکەن!
ئەوان فەرماندەی هێژامن
پەیامەکەم پێ پەخش دەکەن!

وەرن با

هەموومان

یەکتریمان

خۆش بوێ

ئێمە بەروبوومی ساتە پڕ لە ئەڤینەکانی ئەوانین!
تیشکی عەشقی درەوشاوەین، ئێمە!
لە نیگا گەرمەکانی جوانییەوە
چوون کریستاڵی سۆز هەڵڕژاین!
ئێمە پروشەکانی بەفری سەوداییین
گەڵا وردەکانی نەمامی لەززەتین،
ئێمە، هەموومان بەشێکین لە ماچ
تنۆکێکین لە ئارەقەی ئاوێزان
پیتێکین لە چرپە،
فرمێسکی ئەو مۆمانەین...
کە پاسەوانی هەناسەکانی ئەوین بوون!
ئێمە پیتی شینی شەوین!
حەرفی سینی سەوداییین!
ساتی یەکەمی... خورپەی یەکەمین نیگاین!
ئێمە کە لە عەشق دروست بووین و،
بێ جوانی نامانکرێ و،
بێ خۆشەویستی دەمرین!
ئێمە کە ڕقمان لە ڕقە و، دڵتەنگ دەبین بە تاریکی و،
بە باڵی ڕووناکی دەفڕین!
کەوابوو،
وەرن با لەناو حەوزی زیوینی تریفەدا خۆمان نوقم کەین
تا لە گوناهەکان و ڕقەکان پاک ببینەوە!
وەرن با هەموومان یەکترمان خۆش بوێ!
چەشنی باڵندەکان پۆل پۆل سەمایەکی ئاسمانی بکەین!
وەرن!
با هەموومان لە وانەی یەکەمی لێبوردندا،
فێری سترانی پەپولەکان بین
وەرن!



با هەموومان جگە لە خۆشەویستی بیرلە هیچ
نەکەینەوە! وەرن!
با هەموومان یەکترمان وەکو خۆمان خۆش بوێ، وەرن!

١-٥-٢٠٠٣ ستۆکهۆڵم

## تۆ

که لە تارمایی تاسەدا، سێبەری باڵات دەبینم
تەزووی تەزیوو بە سەرتاپای باڵامدا دێ!
چەندێ گەرمی!!
چەند پیرۆزی!!
چەند بەهێزی!!
ئەو کاتانەی لە مەیدانی ماچبازیدا
نوقمی حەوزی حەزم دەکەی!
ئەو کاتانەی لە کۆڵانی کامەرانیدا
وەک منداڵ،
شادیت، بەزم و ڕەزم ساز دەکەی!

# حەزرەتی عومەری کوڕی خاوەر

## بۆ هەڵەبجە... زامی هەمیشە نوێ

ئەم لاشانەی مێژوویان خەڵتانی مەرگ و...
گۆی زەوییان شەلاڵی سوتماکی زام و،
ئاسمانیان تژی کردووە لە تەمی هەناسەی خنکاو
لاشەی عەشقەکانی ئێمەن!

ئەو گەڵا هەڵوەریوانەی بە تەمی خەمی سەدەیەک
داپۆشراون، باڵە گەچراوەکانی باخچەی رووتاوەی
تەمەنمانن! لە ژێر پێیەکانی مردن، دەقیژنن!

ئەو ماسیانەی دەریایان لێ ون بووە...
لە وشکەخاکی ئەڤینێکی سەربڕاو بەجێماون
جەستەی خۆیان چەشنی ئاوێنە لەبەر خۆر هەڵخستووە...
مرواربیە ونەکانی دەریای خەون و خۆزگەمانن!
ئەو شەپۆلانەی سڕ کران! ئەو دەریایانەی قڕ کران!
هاژەیان هێشتاش وەک نێڵەی بورکانێکی تازەتەقیوو
دەروون و بوونمان پڕ دەکەن لە هاوارێکی ئاگرین
دەمارەکانمان پڕ دەکەن لە بومەلەرزەی ڕاچەنین!
ئەو قرچەقرچەی لە نێڵەی دەروونەوە دەیانبیستین
تێکەڵ بە گڕی نەورۆز و، بە سوورەتی ئەنفال بووە،
هۆرەی مەرگن!!
سوتانی بێدەنگ و سەنگی شەقامەکانی قامیشلین!
کزانەوەی ملی کۆماری ئازارن، شەپۆلی زامی چوارچران!
ئێڵنجی خوێناوی لوتکەی ئاراراتن
زەریای ئەندێشەی شیرناخن!
گەردەلوولی شەوەزەنگی دڵی خاکن
کڵۆکۆی دەروونی هەڵەبجەی سامناکن!

ئەمڕۆ زەماوەندی زامە!
ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ترسناکترین پەیامە



ساڵیادی کوشتنی تیشک و خەون و سۆزە
یادی مردنی بارانە!
لە هەوری بارگاوی چاوی ڕاستمانەوە
دەنکە مرواری فرمێسکە هەڵدەوەرێ... و
مەرەزەی قووڵترین زاممان تژی دەکا لە کسپەی ئێش
لەچاڤی چەپیشمانەوە یاقووتی سووری ڕۆندکە دادەبارێ و،
هەناسەمان دەسووتێنێ و، جەرگمان دەکاتە خۆڵەمێش!
ئەمڕۆ ئەڤین... بە دەسماڵێکی گوڵگوڵی،
چاوەکانی عەشق دەسڕێ و
سترانیش دەستەکانی گۆرانی دەگرێ و
بە نێو تەرمی زامەکاندا پیاسە دەکەن
بە دەم ڕێوە سامناکترین میلۆدی بۆ سەدەی مەراق دادەنێن و،
بە دەم ڕێوە سامناکترین سەما دەکەن
بە دەم سەماوە گفتوگۆ!! پیرترین و، کۆرپەترین برینیان
هێناوەتە گۆ!!
من یەکێکم لەو زامانەی، کە سەرەتای هەموو جەنگەکانی
سەدەی مەراق و تۆقینم دیووە و، بەم دەستانەم
پاشماوەی ئێسقانی دەیان جەنگاوەرم لەسەر یەک کەڵەک
کردووە! بەم دوو چاوە، سەدان هەزار مەرگی سەیر و
سەمەرەم دی! بەم گوێیانەش، چیرۆکی سەدان تاوانی
شاردراوەم گوێ لێ بووە!
گەرچی ئێستا عومر و ژەهر!
هێزی بینین و بیستنیان لێ بڕیووم
بە بێ سیناهی بیلبیلەش، یەک بە یەکی سووتانەکانی
جەستەی خاک هەر دەبینم!
بە بێ هەستی سرتە و چرپەش، زایەڵەی زەنگی ژیان و...
دەنگدانەوەی ناخ دەبیستم...
بە مردوویش هەست بە سەرتاپای هەژان و

ڕاچەنینی ڕۆحی نەبەردی شاخ دەکەم
من پیرترین زامی سەدەم
(حەزرەتی عومەری کوڕی خاوەر، درودی خوای لەسەر بێ،
له بەرامبەر خوا وای فەرموو)
منیش کۆرپەترین زامم،ترسناکترین پەیامم!
زمانی من نەپژاوه، بەڵام دەدوێم! له مەرگ، له
تاریکی، له ژان! پرسیارێکه... له ئاوەز، مێژوو، له
یەزدان! من بۆ دەبێ لەم کیشوەره سامناکەدا، له
ڕۆژهەڵات، لەدایک بم، دایه گیان،بۆ؟؟!! خوایەگیان،
بۆ؟؟؟!!
بۆ دەبێ ژیانم ببێ به مەرگەسات
بۆ دەبێ مردنم ببێ به کارەسات؟!!
(کۆرپەکەی باوەشی حەزرەتی عومەری خاوەر
درוودی خوایان لەسەر بێ، ئاوای فەرموو)

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢/٣/١٦



## ئاهـ، لـه گوناهـ

چەند گوناهبارم!
که گوناهم ئافراند!
گوناهێکی خرِم چێ کرد بۆتان
بمبوورن، به گەورەییتان،
دەمبوورن ئێوەی میهرەبان؟!

# پیاوێک لە ئاوریشم

کە تۆ لە دایک بووی... من هێشتا نەبووبووم، بەڵام ئەو
گەردیلانەی دواتر بوون بە نوتفەی پێکهێنانی من
لە کۆڵانەکانی کەرکووکدا بۆ تۆ دەگەڕان!
تۆ پێنج ساڵ بوو کوڕێکی هاری ئاقڵ بوویت و، کە پەنجەت
بەر گەردیلەکانی ئەو پەپوولەیە دەکەوت، موچوڕکێک
ڕایدەچەناندی!
گەردیلەکانیش سەرپەنجەکانیان ماچ دەکردی!

کە من لە دایک بووم، تۆ ئەستێرەکانی پێنج هاوینت
ژماردبوو، گەڵاکانی پێنج پایزت لە توورەکەی ڕۆژگار
نابوو، ڕاوەدووی پەپوولەکانی پێنج بەهار کەوتبووی و،
لە ناو ئەوانەدا تەنها گەردیلەکانی پەپولەی ڕۆحی منت
لە ئامێز نابوو!
لەبەربارانی پێنج زستانی کورکووکدا
باوەگوڕگوڕت کردبوو بە چەتر!
کە من لە دایک بووم، دوو ئەستێرە لەوانەی کە
پڕشنگدارترینی ناو هەموویان بوون، دەمیان لەناو دەمی
یەکتر نابوو، هەر دەتگووت یەک ئەستێرەن!
دەی چواری هەشتای سەدەی ڕابردوو...
درەوشانەوەی یاقووتی ئەموستیلەی تەمەن
لە تاریکیدا تۆی نیشان دام و، منی نیشاندایت!
کە دیتمی، پزیسکێکی باوەگوڕگوڕ لە چاوەکانتەوە
هەڵایسابوو!
تۆ و کەرکووکم پێکەوە خۆش ویست و،
هەردووکتان بوون بە بەشێک لە بوونم!
بیست و حەوتی چواری هەشتای سەدەی ڕابردوو، سەدەی
دۆزەخ و سەدەی ئەنفال و سەدەی مەرگی جوانییەکان!
زیندان منی قووتدا و، مەراقیش تۆ!



ئەشکەنجە منی ئەنجنی و، کۆچیش تۆ!
لە تاریکی ئەو ساڵەدا لە یەکتری ون بووین و،
لە ڕۆشنایی ڕاپەڕیندا یەکتریمان دۆزیوە!

سەرینێک لە پەڕی سیمرخی وەفا سەری سەوداییمانی لە
باوەش گرت و، کردینی بە هاوسەر!
ئێستا، هەموو ڕۆژێک سەرسامترم دەکەی!
دەمخەیتە نێو ڕامانێکی زیووینترەوە!
لەو سۆزە سەرسام دەبم کە هیچ ئۆقیانووسێ نایگاتێ،
لەو نەرمییە کە لەم سەدە جەنجاڵەدا دەوری دەروونی
تۆی داوە! لەو خۆشەویستییەی کە خەڵتانی ڕامانی
کردووم! لەو دڵسۆزییەی کە پڕە لە باران!
تۆ پیاوێکی لە ئاوریشم!
هەموو ساتێ خۆشترم دەوێی!

دەی چواری ئەمساڵ،
ساڵی ڕژانی جامی پڕبوو لە تاوان و، ساڵی لێوانلێوبوونی
کاسەی مەراق و، ساڵی تژیبوونی تۆ لە تاسەی دووری
کەرکووک!
دەی چواری ئەمساڵ، سەیری یەکتریمان کرد و، تێر
فرمێسکمان ڕژاند!
یادی عەشقی ئێمە و، ئازادبوونی کەرکووک ئاوێزانی
یەکتری بوون!
ئای عەشق لە سایەی ئازدیدا چەند درەوشاوەیە،
ئای چەندم تۆ و ئازادی خۆش دەوێ!
چ پەرجوویەک بوو ئەڤینی ئێمە و، ئەڤینی ئازادی و
کەرکووکی پێکەوە گرێدا!
چەند بەختەوەرم کە تۆم هەی!

٢٠٠٣/٤/١٢

# نیشتیمانی نێوان دوو زێ!

(تێبینی: ئەم هۆنراوەیە بە زمانی سوێدی نووسراوە و لە ڕادیۆیەکی سەرانسەری سوێددا بە ناوی ڕادیۆی پێ ئێت P1، خوێندراوەتەوە. لە گەرمەی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقدا نووسەرێکی سوێدی تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای لێکردم دوور لە هەموو دێباتێکی سیاسی و سەربازی کە ڕۆژانە لەسەر شەڕ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ، لە بەرنامەیەکی کلتووریدا بە پەخشانێک هەستی خۆم بەرامبەر ئەو شەڕە دەربڕم، ئەم پەخشانە شیعرەم ڕاستەوخۆ بەسوێدی نووسی. دواجار پێم باش بوو بیکەم بە کوردی و بەکوردیش بڵاوی بکەمەوە. بەڵام بەم تێبینییەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێ ئەم هۆنراوەیە ئاراستەی سوێدییەکان کراوە، کە بەسەرهاتی ئێمەومانان بۆ ئەوان وەک ئەفسانە وایە و ئاسان نییە وێنای بکەن، ئاخر ئەوان دووسەد ساڵە شەڕیان نەدیوە و بڕواش ناکەم هەرگیز شەڕ ببینن.)

کارەساتە... لەوێ لەدایکبوون
لەوێ... دڕەهەناسەکان، با... دەسووتێنن!
لەوێ... سەربازەکانی زریان... با... دەخنکێنن!

پێت سەیر نەبێ هاوڕێم
کە دەڵێم، من لە دۆزەخ لە دایکبووم!!
لە تابووتێکی قەترانی گەشەم کرد و، وا گەورە بووم
دڕندەکانی ئەوێ!
وڵاتی نێوان دوو زێ!
ئەوێیان کردە دۆزەخی ڕاستی
کوردستانەکەی منیشیان کرد بە تابووتی قەترانی
پێت سەیر نەبێ، هێژا، هاوڕێم!
ئەگەر دەڵێم! ئاخ! بیری نیشتمان دەکەم!
بەڵێ، بیری دۆزەخ دەکەم!!
ئاخر لەوێ، لە دۆزەخدا، خۆشەویستێکم جێماوە
لەوێ! هاوڕێ شەهیدەکەم چاوەڕێمە!
لەوێ،
لە ژێر سێبەری دارێکی دۆزەخ، منداڵیی خۆمم لێ ون بوو!
لەوێ! دایکم بە بێ ماڵئاوایی جێ هێشت
ئێستا و هەموو ساتێ، وەک زامێکی ژیلەمۆیی،
لە دەرەوەی تابووتەکەم دەکزێمەوە!!!
لەوێیە،
لەو دوورەیە دۆزەخ!
لەوێ، لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی هەتاوە،
دۆزەخ!
نێوان دوو زێ،
دەجلە و فرەهات! دیجلە و فورات!
دەجلە، دیجلە،



ڕۆژێ لە ڕۆژان دایکێکی میهرەبان بوو بۆ ساوای باران
ئێستا سواڵکەرە!
دەرۆزەی تنۆکێ ئاوی لێڵ دەکات لە ئاسمان!
فرەهات، فورات
نیشتیمانی ئەوسای باڵداران
ڤێگاڤێ، هەر دەڕوا و، شلێپەی دێ
لە بەر نەزیفی خوێنی دڵی ئاشتی!
هەنووکە،
کز کز لە پرسەی کۆترەکان دا،
چاوی هەڵدەگلۆفێ!
ئەرێ چی ڕوویدا؟!
بنۆڕە هاوڕێ، بژنەوە هاوڕێ
ساتێ گوێ ڕادێرە بۆ ئەفسانەی ژیانێ
گوێ ڕادێرە، گوێ!
تا لە ساتەکانی بیرەوەری منداڵێ،
سەرگوزەشتەیەکت گوێ لێ بێ
هەبوو، نەبوو!
لە وڵاتی داستانەکان
کەنیشکە چاوڕەشێ، لەباتی بووکەشووشە
وازی بە واژە و ئایەتەکانی جوانی دەکرد
خەونی بە ڕووناکی و بەختیاری ونبووەوە دەبینی!
بیری ڕاستییەکی دەکرد کە لە تارماییدا مات درابوو!
بیری ئازادی دەکرد، کە لە کە لە دەجلەدا مەلەی دەکرد و،
لە فرەهاتدا خنکا!
سترانی بۆ بەفری نەباریوو دەچڕی!
سەمای لەگەڵ پەپوولەباڵسووتاوەکانی دۆزەخدا دەکرد!
هاتن!!! بردیان!!!
لە ناو دڵی ڕووناکی شاخستانەوە،بۆ ناو جەرگەی

تاریکستان!
بۆ جێیەک، لە هیچ جێیەکی تر نەدەچوو!
لە کاتێکدا، لە هیچ کاتێکی تر نەدەچوو!
ئەوێ پێی دەگوترا زیندان!
دۆزەخ بوو، دۆزەخ بوو، دۆزەخ!!!
لەوێ! تەنها کورسی بزمارین هەبوو بۆ دانیشتن و،
چرپای ئاگر بۆ خەوتن و،
لەوێ، جەستەی ئەو کەنیشکە جەستە نەبوو،
هێندەی جگەرەی داگیرساویان لەسەر خامۆش کرد!
لەوێ نە جەستە جەستە بوو، نە گیانیش گیان!

هاوڕێم!
ئەمەی بیستت داستانێکی هەزار و یەک شەوە نەبوو
با لەوێشدا، لە مەملەکەتی شەهریاردا ڕووی دابێ!
ئەو کەنیشکەش، کچی داستانەکان نەبوو،
با لە هەرێمی سندبادی دەریاییدا ژیابێ!
تۆ ڕاستیت بیست، هاوڕێ، ڕاستی!
با لە ئەفسانەش بچێ، با سەیریش بێ!
ئەفسانەیەکی ڕاستیت بیست، کە بەشێکە لە منداڵیم!!!
ئەو کەنیشکە من بووم، بەڵێ من!
یەکێک لە هەزاران منداڵی کوردستان
کە لە وڵاتی کارەسات لەدایکبووین!

بەڵام، هێشتاش ڕەنگە،
من بەختەوەرترینی ناو هەموویان بم!
بەختەوەرتر لەو کەنیشکانەی لە بیابانێکی چۆڵدا
بە زیندویی لە چاڵ نران!
بەختەوەرتر لەو مێردمنداڵانەی لەبەر دیدەکانی



دایکیاندا، پۆلێ داڵ لاشەکەی قرتاندن!
بەختەوەرتر لەو پێنج هەزار گوڵەباخەی بای ژەهر هەڵی
وەراندن!
بەختەوەرتر لە هەموو، هەموو ئەوانەی
لە نێوان دوو زێدا، لە تینواندا خنکان
لەوانەی لە ئاگردانی گەرماوی خوێنی جەنگەکاندا
سووتەمەنی بوون، قرچە قرچ، دەسووتاون!
هاوڕێم، مەتۆقێ!
ئێمە هەموو جۆرێکی تۆقینمان دیووە
نەک تەنها لەم چەند ڕۆژە داگیرساوانەدا
ئێمە لەناو ئاتەشگەدا لەدایک بووین!
لە ڕۆژهەڵات!
لەسەر زەمینێ هەمیشە لە پلەی کوڵانی سەددی
کە هەمیشە، ئاگر دەگرێتە ئامێزی!

هاوڕێم، هێور بەوە!
دەزانم باوەڕت نایە!
دەزانم ئەم ڕاستییە بە تۆ نامۆیە،
پێت سەیرە کەسانێ هەبن لە دۆزەخدا لە دایک ببن؟!
پێت سەیرە کەسانێ هەبن هێندە دۆزەخیان خۆش بوێ؟!
پێت سەیرە و، هەقتە پێت سەیر بێت
ئاخر کارەساتە وڵاتێ، نەخشەکەی لە تابووت بچێ!
کارەساتە، ڕاستی لە ئەفسانە بچێ!
کارەساتە، کارەسات!

٢٠٠٣/٤/١٥ ستۆکهۆڵم

# تۆ

# شاكاری،

# من

# شاكارستان

بۆ شاكاری كچم

سرکترین ساتەکانم ئەو ڕۆژانە بوون، کە هەناوم ماڵت بوو!
زارۆکدانم خەڵوەتگەت!
جووتێ دڵ بە سەرەوای سەمای عەشق لە قوڵاییمدا
بە تاڵەژێیەکی ئاوریشمی، دوو ژیانیان دەژەند.
گۆزەی پیرۆزەیی یەک جەستە، دوو ڕۆحی ئاو دەدا!

تەڕترین کەناری کیشوەری خەونی من کاتێ بوو
هەردووکمان دوو جۆگەی سازگاری تێکەڵ بووین،
لە یەک چاڤکانییەوە هەڵدەقوڵاین!
دوو تکە ئاونگی ڕوومەتی یەک گوڵ بووین،
بۆ هەتاو دەستراین!
گەشترین ڕووانینم دەمێ بوو
دەمزانی دوو چاوی یەدەکی تریشم تێدایە،خۆرئاسا
سیناهی دەبەخشن بە نیگام!
تیشکانێ سیحر بوون، سەرتاپای بوونیان پیشان دەدام!
بزێوترین ڕۆژم بوون ئەوانەی تیایاندا خانەخوێی جەستەم
بووی! خاوەنی هاژەهاژی ڕۆحم، خووناوەی زێڕکەفتی
عەشقم بووی!
دەبزوام، دەبزوای! دەنووستم، دەبزوای!
دەخەنیم، دەبزوای! دەگریام، دەبزوای!
خەیاڵم بە پەنجەی هەستی تۆ ختووکەی دەهاتێ،
بزێوتر لە ڕۆحم دەبزوای.

ئێستاکە، من و تۆ دوو جۆگەی تەریبین،
جەستەمان لێک جیایە،بەڵام هەر ئەوەندەی هەستم و
نەستم و هەناسەم لێمەوە دووریت و،
لە کوێ بم هەر دەنگی دڵی تۆم دەگاتێ!
لە کوێ بی ڕۆحی من لەوێیەو،



ڕووناکی مۆژدەی هەبوونی تۆی دەداتێ!

ساتێ بوو،هەر تەنها چرکەیەک، چ ساتێ!!!
ئەو ساتە نەبووایە، هەر لەناو کڵێشەمدا دەمای
لە قوڵایی جەستەم، لە گەرمێنترینی ژووری پڕ ژیانی
هەناوم! دڵنیا دەبزوای!

ئاخ! ئەگەر ئەو ساتە نەبووایە،
چی دەبوو نەبووایە. (لەدایکبوون)!
دەنا تۆ بۆ هەتاهەتایە
لەوێدا،وەک شەپۆل جەستەمت دەکردە دەریایە
هاتنت، هەتاو بوو
تۆ لەدایک نەبووی، تۆ خۆر بووی، هەڵهاتی!
شەوان تۆ ناخەوی، هەر کەئاوا دەبی،
جەستەی من دەبێتە خۆرئاوا!
سپێدە کە هەڵدێی ڕۆحیم من دەبێتە خۆرهەڵات!

شانزە وەرز مەودایە لە نێوان ئاوساکە و ئێستامان،
ئەوسای هاوجەستەیی و هاوگیانی!
ئێستای دوو جەستەیی!
کەچی هەر نامەوێ و ناتەوێ، باوەڕکەین دووانین و
لەیەک جیاین!
هەر لەوێی!
کە نیشتیمانێکە بۆ بوونت،
هەر لەوێی
لە ژووری ژوورەوەی ماڵی دڵ، هەناسەم!
لەوساکە بەهێزتر لە ئامێزی ناخم دانیشتووی
بە هەرمێی پڕ ئەڤینی دڵم دەلەیزی!
لەوساکە کۆرپەتری تۆ، دایکترم من!

لێگەڕێ، بە ماچێ، کە لە ماچی نەرمی خوا دەچێ
بشکێنم تینوێتیم،
دەزانم دوای تەنها یەک ساتێ
دووبارە تامەزرۆم!
دەزانم سەدبارە لە هەمان کەوسەری گۆنای خۆت، لێوانم
تەڕ دەکەی!
چ پەرجوویەکە ئەم ڕووبارەی بەهەشت،
سۆز چاڤکانییەتی!
لە ساتێکی بزێو، ساتێکی نهێنی، کردتی بە ماسی و،
بۆ ئەبەد ئەڤژەنی تیا دەکەی!

من بۆ تۆ،نەک تەنها ئەوسای هاوجەستەیی!
ئێستاکە ش،هەمیشەش، ولآتم! نیشتیمان!
بۆ هەردەم، تۆ شاکارەکچی، منیش شاکارستان!

٢٠٠٣/٧/٢٦

# هێشـووی عـەشـق

هۆنراوەیەک بۆ ËuA}¼، کچێکی تر لەوانەی
ڕۆژێک لە ڕۆژان لە p¹«œ بوون، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش
بە دەستی ËÜÐ „ کوژران

یەکەمین هێشووی عەشق،
لە کووپەی شەرابی جەستەی ژنێکەوە
تنۆک، تنۆک

تک، تک
تک،
تک،
تک!
تک!
ڕژایە نێو پێکی کریستاڵیی ژیان!
دایکێک، وەک دارمێوێک، کەپرئاسا
گەلامێوە ڕوخسار ئاونگاوییەکانی
چوون لێفەیەکی سەوز
دابوو بە سەر ئەم بەرسیلە ساوایەدا
بەرسیلەکچێک،
چاوەکانی چەشنی ترێ ڕەش،
ڕوومەتەکانی چوون شەراب ئاڵ
خەندەیەک، لێوانلێو لە بێخەتایی
ڕووانینێک،
پڕ لە حەسرەت،
تژی لە ژین،
لێوانلێو لە تەنیایی!
شانزە بارانی بەهاری دەویست،
تا ئەم بەرسیلەیە، ببێتە هێشووی عەشق و،
لەم هێشووە ئاودارە شەرابێک بۆ مەم و زین چێ ببێ!
شەرابێ ئاڵتر لە یاقووتی تەنیایی!
شەرابێ پێکی ژیان پڕ بکات لە تاسە و، تەما و سەودایی!
چەند لە پایز زیزم!



چەند!
چەند لەم ئۆکتۆبەرە بێسەمەرە پەستم، چەند!
کە هێشوو، هێشوو، عەشق هەڵدەوەرێنێ!
کە ڕەنگەکانی کریستاڵی خەون دەشێوێنێ!
کە پێش نۆشینی یەکەمین پیاڵەی خۆشاوی ئەڤین
پەنجەکانی مەم و، لێوەکانی زین
لێوەکانی مەم، پەنجەکانی زین، لێکدەترازێنێ!

ئای، گێژەڵووکەی باوکەڕەشەبا،
ئای! ئای! زریانی تیژڕۆی
شەوەزەنگسالاری
چەند لە سیما و سایەتان پەستم، چەند!!
ئای بەرسیلە ساواکانی کەپری نامۆیی
چەند بارانی تر دەتانکات
بە هێشووە ترێی ئاوداری عەشق؟!
چەند سەدەی تر پێویستە تا، بۆ هەڵوەرینتان هەموو کەس بڵێ: نا!!!؟!

٢٠٠٣/١٠/١٢

## ئاوێنە

پێکەوە و دوور لە یەک! لە قوڵایی حەوزی حەسرەتدا
لە سایەی یەکتر ڕاماوین!
نیگاکانی سایەمان هەورن،
تک،تک تاسەیان لێ دەبارێ!
سۆماکانی سایەمان،
لە حەژمەتدا تەماشایان شل بۆتەوە،
تەمی تەنیایی بە تەمەنیاندا دێتەخوارێ!

نازانم تراویلکەی یان ئاوێنە!؟
بوونی تۆ لە مندا ڕاستییە، یان وێنە؟!
نازانم! عاشقی یان ئەفسونگەری تۆ!
چی دەکەی لەو شوێنە؟!
چی دەکەی لە هەموو پەسیوێ، هەر کونجێ... هەر جێگا!
چۆنی پێ دەزانی ئەو شوێنەی بۆ سرەوت دەیکەمە
پەناگا!
لەو حەشارگەی واژە جوانانەی تیا دەنووم
لەو پەنابەردانەی جێژووانی منن لەگەڵ خۆم!
چۆن دەزانی لە کوێم؟ خۆ خوا نیت!
چۆن لە ناو قوڵایی نەستی خۆت،بۆ پایە و بۆ سایەم
دەگەڕێی! سەیری تۆ!! چۆنت زانی لەوێی؟!
چۆن لەناو بیرمدا بۆ ڕۆحی جیوەیی خۆت و من دەگەڕێی؟

٢٠٠٣/١٠/٢٣



## شین،
## وەکو دەریای سپی

(ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری
جا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ)
کوردی

بۆ هێندە شین شین دەچیتەوە دەریای سپی؟!
وەکو چاوە قەوزەگرتووەکانی جۆگەلەکانی ئەوێ
ئەوێ کە لە ناوەڕاستی دڵمدایە
نەخشەیەکە، وەک پەیکەر بەرجەستە!
وەک ڕاستی، زبر!
چوون خۆشەویستی، تواوە،
چەشنی خەون، لێڵ و سڕاوە!
تۆ لەوێ دەچی،
نازانم من لە کەناری سپێتی تۆم
یان (ئەوێ) لە کەناری شینی مندایە!
نازانم تۆ لەوێی، لە زێدی زیزی چاو پڕ لە وەنەوز!
یان من لێرەم. لە هێرۆنای دڵسپی،پرچشین و چاوسەوز!

تۆ بڵێی لەناکاو، دایکم لە ناو یەکێ لەم شەپۆلانەوە دەرنەپەڕێ و، وەکو ئەوسای ساوایەتیم،
سەرم نەخاتە بن باڵی و
گورگانەشەویم بۆ نەڵێت!
تۆ بڵێی خوڕەی ئەم شەپۆلانە لوورەی گورگ نەبن؟!
گەر وا نییە بۆ دەیانەوێ جەستەم بخۆن و،
بۆ ڕۆحم لە ترسیاندا هەڵفدەفڕێ
تۆ بڵێی من باڵندە نەبم لە کڵێشەی پەرییەکی دەریادا

گەر نا ، بۆ لە نوقوومبوون تێر نابم، بۆ هێندە کۆچەرم؟!
تۆ بڵێی ئەم کەنارە پڕ لە عاشقەوماشقایە (کفری) نەبێ؟، ئەی بۆچی ڕۆنیشتن لەم کەنارە
تامی چەمی هەمیشەبرینگی (بوغاز) دەدا؟!
بشێ (بەرشەلۆنە) کەرکووکێکی بە ئیسپانیکراو نەبێت؟!
ئەی بۆ بۆنی خاسەی لێ دێت، بۆ؟!
ئەو کلێسایەی کە لەو بڵندایییە بە پێوەیە، قەڵای هەولێرێکە بۆ خۆی!
ئەو شاخە خەنەیییەی کەچاوەکانم ماچ دەکا ،
وەک ئەزمڕ لە بیلبیلەمدایە!
کێ پێم دەڵێ من لە کوێم؟!
کێ دەزانێ کەنار بۆ کوێم دەبات، دەریا دەمداتە دەستی کام ئاسمان،
کێ دەتوانێ گەردیلەکانی جەستەی من و جەستەی شەپۆل
کە دوو دەنکە مرواری هەمان ملوانکەی عەشقن لێک بترازێنێ؟ ،کێ؟ ،
سوپاس دەریا گیان
کە ئەم ئێوارەیە خۆت کرد بە چەمێکی تەنک،
تا لە ئاوێنەتا کفری ببینم!
سوپاس خۆری گەش کەخۆت کرد بە تۆپێکی نارنجی و
باوەگوڕگوڕت هێنایەوە باوەشم!
سوپاس شنەبا کە نەورۆزێکی سلێمانیت کردەوە میوانم
سوپاس کلێسای هەمیشە ڕاوەستاو، کە منت بردەوە خزمەتی قەڵا و منارە.
سوپاس ڕێگا سەوزەکانی ئیسپانیا ،
کە گوڵاڵەکانی ڕێگای دهۆکتان پێشکەش کردم. سوپاس.

۲۰ی ئۆکتۆبەری ۲۰۰۲
کەناری دەریای سپی ناوەڕاست – ئیسپانیا



## یاری

لەم شوێنەوە ،
لەم هەرێمە بێئەدرەسە بێوێنەوە ،
لە ئاسمانێکی بێ خاوە ،
لە دارستانێکی پڕ جریوەی سۆزی بێنەواوە
دەستەکانم ناردۆتەوە
بۆ ناو باخچە چڕ و سڕەکانی ئاگر
بۆ خزمەتی گوڵەنازدارەکانی تیشک
بۆ گرتنی بزێوترین شەپۆلی سۆز, لە جۆگەلەیەکی پاکی
بۆ تەوقەکردن لەگەڵ نەمامی عیشق
بۆ نازکێشانی هەرێزی ژوانگەکانی ڕووناکی!

لە زەمینێکی سەوزی بێ کانییەوە
لە بۆشاییەکی پڕ لە جوانییەوە ،
لە چەند هەنگاوێ لەودیووی ئەستێرەکانی حەسرەت و ،
چەند بستێ لەمدیووی چاڵە سەهۆڵەکان
چاوەکانم ناردۆتەوە
بۆ ناو کۆڵانە خۆڵەکان
بۆ ناو منالە زۆڵەکان
بۆ بینینەوەی نەخش و نیگارەکانی
ناو تاق و سەر دەرگاکۆنەکانی خاک و ،
پیتەبزمارییەکانی تابلۆی بوون
بۆ دزینی نیگای شەرمنی کوللەکان
بۆ بەجێهێشتنی سەرنج لەناو شوقەلەتی یاد و ،
بۆ سەردانەوە لە شارەمێرولەکان.

لەودیوو دیواری تەنیایی ژیارەوە
چەند بستێ لەمدیووی خۆم و

فەرسەخێ لەودیووی سپێدەی تاریکی هەوارەوە
لەناو ژووری پرسیارە تەزیووەکانی ئاوەزەوە
هۆشی خۆمم ناردۆتەوە،
بۆسەر خاکی ئەفسوناوی و ئەفسانەییم
بۆ خوێندنەوەی دوادێڕی فەلسەفەی خەون و
یەکەم پیتی سەرابئاسای بەختیاری
بۆ چاندنەوەی تۆوە ونبووەکانی ئاوات
لە هەردە وشکبووەکانی ساڵ
بۆ بەدرۆخستنەوەی هەواڵی مردنی عەشق
بۆ تێگەیشتن لە مەحاڵ.

لەناو کەڕووی پەژارەکانی تەنیایی
لەناو دوورییەکانی مەودا و،
بۆشاییە لێواولێوەکان لە خەتا
زمانی خۆم ناردۆتەوە، بۆ گێڕانەوەی
هەزارویەکەمین چیرۆکی شکست
لەسەر رێگای درێژترین کۆچی مێژوو
بۆ چەندبارە کۆکردنەوەی منداڵانی چەقاوەسوو
سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی
باسی شۆڕشی هەوەسی بێئارەزوو
(هەبوو، نەبوو)
زمانی خۆم ناردۆتەوە بۆ تامکردنەوەی
تفتیی بارانەکان
تاڵیی وەرزەکانی چاوەڕوانی و مەراق
بۆ تامکردنی شیرینی پەیوەندیەکانی منداڵی و،
سوێریی بەرنیگای دایکانی، هەمیشە چاوارِوانی(هیچ).
لەم هەرێمە وروژاوە بێدەنگەوە،
لە پشتەوەی ئەم دێوجامە بێڕەنگەوە



لە پەنایەکی ئاشکرای سەرزەمینێکی نهێنی
گوێچکەکانم ناردۆتەوە
بۆ هەڵمژینی فرمێسکەکانی هاژە و،
گوێگرتنەوە لە سەمفۆنیای نەرمی لایلایە
بۆ کۆکردنەوەی نوزەی عاشقان و
جریووەجریووی باڵندە کۆچەرەکان
بۆ دانیشتنێ لە هۆدەی گەرمی حەیران
بۆ ڕاکشانێ لە حەوشەی هۆرەیەکی بەژن زراف
بۆ شکاندنی سەرخەوێ لە ماڵی پڕسۆزی ستران

کلێشەی منە و ڕۆحی خوا
لەم نێوانە نادیارانە دێت و دەڕوا،
نە ئاسمانە و، نە زەمینەو،
نە ئۆقیانوس، نە بۆشایی
نە سپێتی دەیگرێتەخۆ
نە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی هەست،
نە ڕەشایی.
جێیەکە لە هیچ جێگەیەکی ئێرە ناچێ.
توحفەیەکە، لە کریستاڵی خەون دەچێ و ناچێ
لە یاقووتی هێڤی دەچێ و ناچێ.

لەم شوێنە بێ قەوارەیە،
خۆم لێرەم و،هەستەکانم ناردۆتەوە
بۆ دۆزینەوەی کیشوەرە زبرەکانی هەسارەی جەنگ.
بۆ تۆقینەوە لە تفەنگ.
بۆ هەستکردن بە پێویستی کۆچکردن و،
پێچانەوەی ساکی شڕی یادگاریەکان،
بۆ ئامادەبوون بۆ یاری
یاری کۆچێکی یەکجاری

## لە پشت بەردەنوێژی عەشقدا

تۆ کێی، کە دێی
ئاورشێنی نیگای عەشقی پیرم دەکەی؟!
کێی، کە دەڕۆی شەماڵی حەز لەگەڵ خۆتدا
بۆ دەرۆزەی تەماشای تیشک و خوا دەبەی.

بە ساوایی،
لەگەڵ گڕوگاڵی خەونی ئەو ساتەمدا
زەنگیانەی رازی سپی بووی،
نەیاندەهێشت پەنجەکانی من بتگەنێ،
دەترسان لەوەی قوتت دەم
دەترسان لەوەی لە گەروومدا گیر ببی.

بە کیژۆڵەیی،
لەگەڵ سیحری سەماکانی ئەو ساتەمدا
تۆ نەوا بووی،
نەوایەکی سادە و زبری پڕ لە هەژان
نەیاندەهێشت ژێی دڵت ببێتە ستران
نەیاندەهێشت لەنجەم پێ بگرێ و سەفەر کا
خەندەم پڕ بە تریقانەوە پێبکەنێ
نەیاندەهێشت بە سەما مەشقی عەشق بکەم.

بە گەورەییش،
لەگەڵ سەرجوقانی حەزی ئاوریشمین و
لەگەڵ چاوتروکاندنی سپێدەی ئەڤینداریم و
لەگەڵ مەزنبوونی مرواری رازەکان
تۆم دەبینی،
لەو دیووی تۆڕەکانەوە



چوون ماسییەک لە قوڵایی سۆماییمدا ڕاو دەکرێیت و ،من نابینی.
من تۆم دەدی، بە چاوم نا.
دەمدیتی لەو دیووی دڕکەزی گەورەبوون
لەودیووی خۆمی داپۆشراو بە شەونمی ماچەکانت.
لەمبەری گشت پەیڤەکانی دەڤەری لەخۆداسووتان.
لەبەر دەروازەی تەماشا سوورەکانی ئێوارەی عەشق.
دوور لە جەستەم،لەناو قوڵایی گیانمدا
بە ئاوریشمی حەزێکی رووت شەتەکدراوی.
بۆ نەتدەدیم. ؟
ئەمێستاش تەماشاکانت پڕن لە چاو.
چاوەکانت پڕ لە وردەشووشەی ڕاز و ،
پڕ لە لمی تەمی سنوور
تۆ نامبینی،
دەتبینم، هەور ئاسا باران دەژەنیت و
خرمەکانی دەکەی بە خورپە بۆ دڵم.
شەوئاسا ئەستێرە دەچنیت،
دەیکەی بە گوێشەوارەی زیوینی چرپە
دەتبینم، لەپەنابەردی یەکەمین ژووان
کانی پەیڤی سادەی ئەڤین
چوون یاقوتێکی شەرابی لە لێوانتەوە هەڵدەقوڵێن
پێش ئەوەی بگەنە لای من
چوون ناخی کلێپەگرتووی خۆم دادەگیرسێن.
تۆ چیت، یان کێیت؟.
بە ڕامانەوە لە سەرسامیم دەڕوانیت
بە زامانت برینانم سارێژ دەکەیت
هەندێ جار دەریایت و ،
هەندێ جاریش بە تەنها یەک دڵۆپ.
هەندێ جار خۆریت و ،

هەندێ جاریش بە تەنها یەک گڵۆپ.
تۆ کێیت. ؟، یان چیت؟.
هەمیشە ئامادەیت و، هەرگیزیش نایەیت؟.
نە تیشکی، نە خوایت، نە سایەیت.
گەر یارمی،
وەرە با پێکڤە بلەیزین
یاری شەیدابوونت فێرکەم.
گەر یارم نیت،
یاری بە ڕازی من مەکە.
کایە بە جریووی جوانیم، وازی لەگەڵ نازم مەکە.
گەر یارمی، ئەم یارییە جوانترینە
سەمای سادەی سەودایی سەرسامترینە.
یاوەرم بە، لەکۆچی بەرەوناخی خۆم
یاوەرتم، لە هاتنەوە بۆ کیشوەری فراوانی
سووری ئاسۆم.
حەوزی خەونم پڕکە لە ئەستێرەی نیاز،
تا بتوانم تریفە بتوێنمەوە و،
بیکەم بە چاویلکەی ئەفسوون
سیمای ئاویی تۆی پێ ڕەنگ کەم.

تۆ کامیانی لەو یارانەی
کە هەمیشەم دەکەن بە ساتێ بۆ گومان.
کە هەرگیزم دەکەن بە ساڵێکی ڕامان؟.
تۆ کامیانی لەو یارە نادیاریانەم،
کە لە چاخی بەردینی ئەڤینداریدا،
زیخەکانی کەنارجەستەمان کردبوو
بە پیشانگای وردەپەیکەر،
لە گلێنەی بەردینماندا،



ئێستاکەش ئەسرینی ڕەق و، ڕامانی زەق قەتیس ماون.
هەر کامیانی،لە دەڤەری ئاوریشمینی دەروونمدا
پێشوازی گەرمت لێدەکەم.
کەروێشکەی گیای مێرگی ناخم
دەکەم بە جۆلانێ و، لەوێ دەتنوێنم.
بە هەناسەم باوەشێن و،
بە شیعرێکی نەنووسراوم لایەلایەت بۆ دەکەم و،
بە تریفەی مانگی چواردەساڵیم،
دەسترازەیەکی زیوینت بۆ دەبەستم.

مانگی دوێنێشەو، ئاسمانی تژی کردبوو لە ستران.
خۆری ئەمڕۆ، بەتینتر دەڕژێتە چاومان.
دەریای سبەی،بەخوڕترین سەمای عەشقمان پێدەکات و،
دەمانکات بە جوتێ یەزدان.

هەرکێی، لەهەرکوێی، هەرکامێک لە خواکانمی،
نزیکبەرەوە لە ڕۆحم.
لەناو جۆلانێی تریفەی مانگی چواردەمدا پاڵکەوە.
بە پۆپەشمینی واژەی رووت داتدەپۆشم.
بۆ ئەوەی هەمیشە خوابیت.
منیش هەروا، وەک هەمیشە، لەپشت بەردەنوێژی عەشقا ،لەتەنیشت بارانی ماچ و،
لەپاڵ کانی ئامێزی سەوز، چاوەڕێتم.

۲۰۰۲/۸/۲۰ ستۆکهۆڵم

## گۆرانییەکی بێدەنگ

ئەگەر پێت وایە بێدەنگم
ئاوازێ بۆ ئەم ئەوینە ناسازێنم.
یان پێت وابێ لە ئاسمانی گۆرانیمدا
بۆ بوژانەوەی دێبەری سۆزەکانت،
هەورم نییە و، مرواریت بۆ نابارێنم.

گەر وا دەزانی شەوانە
لە تریفەی مانگ جۆلانێت بۆ چێ ناکەم
وشکەسۆز و وشکەسۆفیم،
نامەیەکی پڕ عەشقت بۆ بەرێ ناکەم

پێ دەچێ گومانت هەبێ لە بوونی هەمیشەیی خۆت
لە ناو چوارچێوە و تانوپۆم.
یان بترسی پێ نەزانم لە توانەوەی مۆمئاسات
لە ناو کلێشەو ڕۆحی خۆم.

گەر دەپرسی بۆ لە ناو تۆنی دەنگمدا ئاوا ونی
لە نازی ئاوازمدا خۆت بەدی ناکەی
یان دەپرسی بۆ شەرمنی
ساباتێکم لە سێبەری دڵی خۆتدا بۆ چێ ناکەی.

گومان مەکە لە بێدەنگیم،
کاتێ مەیلی سترانەکانم ناناسی
شک مەکە لە چرکەیەکی بێ ئاوازی
تەنانەت لەو ساتانەش
کە نە دڵداریت لە گەڵ دەکەم، نە وازی.

ئەو ساتانەی کە هەست دەکەم گەردوون بچووکە بۆ فڕین،



کە دەڕوانم،بەسۆزترین، بەسۆزترین ئاوازیش کەمە بۆ چڕین.
بێدەنگ دەبم.

ئەو کاتانەی کە دڵنیام پێناسەیەک
نایگرێتە خۆی ئەوینم
شوێنێکی دڵنیا نییە.
تا لێی چێ کەم ساباتێ بۆ خەوبینینم
بێدەنگ دەبم.

ئەو کاتانەی هەموو ترپەیەکی دڵم
ناوت دێنێ
لێناگەڕێ گوێیەکانم نەوایەکی تر ببیستێ
ئەو ساتانەی، ئاوریشمی سۆزت هەردووچاوم دەبەستێ
بێدەنگ دەبم.

ئەو ساتانەی لە گەردوونێکی تەزیووا
لە ژووری گلارەی چاوت دەمخەوێنی
سۆمات دەکەیتە سەرین و، بە بینایییت دامدەپۆشی
تا وەنەوز دەمگرێ بە چرپەی پەمەیی دەمدوێنی
چاولێک دەنێم، بێدەنگ دەبم.

کە پڕ دەبم لە شانازی
چونکە ڕادەی عەشقی هەموو خەڵکی گەردوون
ناگاتە نیوەی ئەڤینم
کە لە ئاوێنەی نیگای تۆ
خۆم وەک دەگمەنترین تاقانە دەبینم
بێدەنگ دەبم.

ئەو کاتانەی کە لە هیچ شوێنێ نامبینی
سووک بڕۆ تەماشایەکی دەریا بکە.

دەریا دەڵێی ئاوێنەیە
کە دەنگی من لە بەر گوێتدا بزر دەبێ
گوێ لە ترپەی دڵت بگرە
دڵ پیشانگای سۆز و هەستە، ئەلبوومی دەنگ و وێنەیە.

هیچ وەک بێدەنگی جوان نییە، لە ئەڤیندا.
کاتێ هیچ پێوەرێ نەبێ
بۆ پێوانەی ڕادەی ژانی، ڕادەی زامی
هیچ لە گۆرانی بێدەنگی خۆشتر نییە.
کاتێ هیچ نەوایەک نەبێ بۆ گەیاندنی پەیامی.

عەشقمان لە تاراوگە دەچێ
کوردستان هاتووە و پەنای بۆ هێناوە
تا لەوە زیاتر ئازاری بەرنەکەوێ
لە جێیەکی کەسنەدیدەی گۆشەی دڵ حەشارمان داوە.

زۆر دەترسم گەر بێمە دەنگ
لە چاوی گۆرانییەکی عاشقمدا
پەناگەی نهێنی تۆ و کوردستان ئاشکرابکەم
زۆر دەترسم، بێن لە لووتکەی کێوی عومرم داتانگرن
خۆبشم ڕوو لە فەنا بکەم

وام پێ چاکترە وەک ئێستا، لە داهاتوویش
هەتا تینی هێز و سۆز و عەشقم مابێ
سترانی بێدەنگی بچڕم.
جاویدانە خۆشم بوێن.
بۆ ژیانەوەتان بژیم، بۆسەرفرازیتان بمرم.

١/١١/٢٠٠٣- ستۆکهۆڵم



(خۆشەویستی لەخۆبووردوانە ئەوەیە کە هەموو سنوورەکانی خۆشەویستی تێدەپەڕێنێ. ئەو جۆرەیە کە لە هیچ کتێبێکی ڕەوشتدا جێگەی نابێتەوە.)
ڕینهۆڵد نایبوور

زمانت هەورە و،
پەیڤەکانت باران!

کوا شوێنێک شک دەبەم خاڵی بێت لە گەردیلەی هزر و لە
شەماڵی ڕۆحی بزێووت!
لە هەرکوێ سەرخەوێ بشکێنم، لەوێوە هەڵدەکەی!
تەتەرێکی جیوەییت تۆ، چەند مەزن و چەند ئازای!!
شارێی گشت خەونێکم شارەزای!

***

چەند قووڵتری لە ڕامووسینی جاویدانەی نیان؟!
کە زمانت هەورە و، پەیڤەکانت باران
کە گوێچکەم کێڵگەیە و، دەروونم چراخان
چەند بەرینتری لە گەردوون،
لە عەشقی ناوازەی بێکۆتا!
کە دڵت وەک فەرشی شەوبۆ ڕادەخەیت و،
بەسەریا هەر دەڕۆم و، دەڕۆم و دەڕۆم!
هێشتاش هەر ناگەمە سەرەتا!

***

چەند ڕوونتر و سازگارتری لە کانیاو!
کە تەنکاوی نیگات پڕ پڕە
لە زیخی ڕەنگینی سەدان ڕاز،
نیگاشت قوڵپەی دێ لە پشکۆی سووری نیاز!
چەند سادەتری لە ساوای یەک شەوە، کە دێیتە خەڵوەتی
ئامێزم! بە پەنجەی باریک سەرنجت،
کلی تیشک بە چاوما دەهێنی!
چەند شیرینتری لە ڕەوانم! کە لە دوای هەر ماچێ
لێوی خۆت وەکو نەمامی هەنگوین لەباخچەی زمانم
دەڕوێنی!
چەند سەیرتری لە خۆم!
ئەسرینت، ئەڵماسە کەدەگریت!
ئەسرینم، یاقووتە کە دەگریم!



هەر کاتێ لە چەمی هەستتدا دەمشۆیت و، لەکانی سۆزی خۆمدا دەتشۆم!
ئەی چەند ئاڵۆزتری لە گرێ! کە بەرسڤ دەکەیتە
هەزاران پرسیار و، هەوێردەی پرسیارت لەهیچ کوێ، شوێن
بە خۆی ناگرێ.

۲۰۰۳/۱۱/۲۲ ستۆکهۆڵم

به هەق هەر هەق،
بە ناهەق ناهەقم گوتووە،
لە ڕۆژێ بووم،

وەکو مەنسوور،
ئەگەر بیشمکوژن،
ناکەم لە هەق لادەم!

مەحوی

یەکەم وتە و،

دوا وتەی من!

من کچی مەحویم!
باوکم دەیگووت: کچەکەم، دارستانە جیهان!
هەر یاسای جەنگەڵان شارەزان، یاساناس و ڕێساناسەکان!
بگرە! ئەم موستیلەخامەیە و، ئەم دێڕە گوارەیە
سەرمەدین، بۆ تۆ بن!
وای چرپاند بە گوێما ، پێش ماڵئاوایی کردن!

دایکم دەیگووت: کیژەکەم!
کە لەناو ڕەحممدا دەجوڵای،
پێدەچوو بتەوێ تاریکی ڕاوبنێی
پێدەچوو یاخی بی لە ڕۆژگارێ وەکو شەوگاران نووتەکن!
کە لەناو زێی جەستەم دەبزوای،
نەمدەزانی دەریام یا دایک، شەپۆلی یان منداڵ!
ئەو دەمەوسەحەرەی کە ژانی هاتنت، شەلاڵی شەپۆلی
ئارەقەی کردبووم، زۆر ترسام لە جیاتی ساوایەک
خوڕەی ئاو لافاوێ دروست کا!
زۆر ترسام کیژ نەبی، شەپۆل بی!
ئەو شەوەی ژانی بوونت گیانی دەسمیم،
لە خەوما دەریایەک ئاسمانی لە ئامێزی شینی گرتووە
لە خەوما مەرەکەب دەبارێنێ، هەور!
زۆر ترسام ئەو خەونە بێتە دی و، کچێکی وام ببێ،
خوێنەکەی هیمۆگلۆبین نەبێ!
زۆر ترسام مەرەکەب بڕژێنێ نەزیفی برینت!

گوێشەوارەکەی مەحوی
لە گوێمدا وەکو زەنگ دێ و دەچێ!
موستیلەخامەکەم یاقووتی عەشقی لێوە دەپژێ!
دایە گیان!



خەونەکەت هاتە دی!
خوێنی من سوور نییە وەکو هی خوشکەکەم،
وەکو هی براکەم!
نەزیفی مەرەکەب شەلاڵی گۆرانی کردووم و،
سۆلافی ئاوازی چیایی، لە زمانمەوە دەرژێ!
بابەگیان!
گوارەکان دەلەنگێن و دەلەنگێن و دەلەنگێنەوە!
کەس نەڵێ:
(سووک بڕۆ و گوارەکانت مەلەنگێنەوە)!
سووک ناڕۆم!
بە سیحری گوارەکان عاشقان وێڵ دەبن،
بە زەنگی گوارەکان،
کاروانی بزربوو، دووبارە، ڕێگا دەدۆزێتەوە!

١٦-٩-٢٠٠٣ ستۆکهۆڵم

# خۆشەویستی
# لە دەڤەری گوناهدا

تەزیوە، چوون ژێرخانەکانی گومانی ناخ!
هەڵگیرساوە، وەک بۆرکانی ئەندێشەو ئاخ!
لێوانلێوە لە لاسەنگی،
لە هاژەی سامناکی هاواری بێدەنگی
تژییە لە سترانی پەلوپۆ براو
نوقمە لە مەرگی شاراوەی ناو تەوژمی شێتی لافاو!
ئەم دۆزەخە!
ئەم سروشتە شێت و هارەی کە دەیبینی
لە پەلوپۆی نەمامەکان چەتری ژووان چێ دەکات
بۆ مەم و زینی داستانەکان
کە دەیبینی دەبێتە سەیوانی تاسە و حەزی شیرین
دەبێتە کەپرێ بۆ ماچ و،
شنەی هەناسەی تێکەڵاو
دەبێتە ساز بۆ ژەنینی زریوەی جوانی ئاوێزان!
ئەم دۆزەخەی کە دیارییەکی خودایەو،
وەک سزای گوناهی سپی درا پێمان!
ئەو خودایەی لە سەر گازێ، تەنها گازێ لە سێوی حەز،
لە سەر ماچێکی خۆرئاسا ڕەنجا لێمان!
چەند سەیرە، سەیر!
ڕەنگ و، دەنگ و، قەوارەی ئەم دۆزەخستانەی ئەڤینە!
چەند نازدارە، ئەو تاوانەی نابێ نەکرێ،
چەند شیرینە!

خۆشەویستی!!
ئەی پاراوترینی هەموو هەستەکان و،
ئەی سپیترینی هەموو نەستەکان و،
هێژاترین گوناهی جوان!

خۆشەویستی!!



سەرچاوەی دڵفراوانی و ئاوەدانی
مەڵبەندی مەشقی خەوبینین
دەڤەری پاکبوونەوە لە گشت گوناهێ!
خۆشەویستی!
تاقەژووری حەسانەوە لە زەمینی پڕ ئاژاوە
تەنیا رووگەی باوەڕ و سۆز بۆ سۆفییانی نوقوومبوو
لە سێڵاوی پاکی ڕۆشنایی و هۆنراوە!
خۆشەویستی!!
تاڤگەی زەمزەمی بەهەشتی گەرمی جەستە
هەروەک هەمیشە داگیرسێ
وەک هەمیشە ببە بە کانی گۆرانی
بە جۆلانێی شادمانی
خۆشەویستی!!
تۆ پەیامی هەمیشەکراوەی ژنی!
تۆ تاقەباوەڕێکی نەگۆڕی منی!

٢٠٠٢-٣-٩

# تاڤگەی تراویلکە

گۆمێکی پڕ لاشەی ماسی و ئەستێرەیە
ئەو ڕووبەرە شەوەزەنگەی، پێدەچوو دەریای بزێوی
چارەنووس بێ
شەپۆل نەبوون ئەو هەژان و هەڵچوونانەی
بە بەرچاوی هەتاوێکی دڕدۆنگەوە
نومایشی سەمایەکی قەرەجانەی شێتیان دەکرد
ئاو نەبوو، ئەو شلەزیوینەی بەر خۆری عەشقی جاویدانەی
ئاسمان!
ئاونگ نەبوون، ئەسرینەکانی بەر نیگای گوڵەبەڕۆژە
شەوارە کردووەکانمان
کات نەبوو، ئەو وەرزە پڕ لە گڕکان و،
لە فڕکان و، هاوارانەی
ڕاستییەکان... ئاگریان لە خۆیان بەردا و،
دەبوون بە ژیلەمۆی گومان! گومان لە چی؟!
لە ڕووناکی، لە ناسنامە،
لە بوون، لە ڕێ،
لە خوا،
لە مێژوو، لە گومان!
لە هیچمان و، لە هەموومان!
شوێن نەبوو، ئەو بستە شانۆیەی کە یەزدان،
سترانی گەلەری هیوای لە سەریا نومایش دەکرد
ئەو سترانەی کە دڵی دارو بەردیشی نەرم دەکرد،
ئەو سترانەی کە فرمێسکی بە پێکەنینیش دەباران!

هێی، هێی، هێی، هێی!
بزێوترین مرۆی درێژترین تەمەن،
سادەترین مرۆی ئاڵۆزترین زەمەن،
بێدەنگترین هاواری ناو دۆڵی چۆڵی دێرینترین زیندەخەوی
مێژوو بووی تۆ!
هەروەکو تەوژمی تاڤگەی تراویلکە و، گەواڵەهەوری



بێئاسمان،
ختووکەی گریانت دەدا و،
خەندەت دەهێنایە گریان!

هێی، هێی، هێی، هێی!
لە شلۆقترین زەماوەندی مەینەتدا
دەستی منت دەئاڵاندە ملی ماچ و،
لێوی خۆتت دەکردە حەوزێکی زیووین، بۆ جریووی
ئەستێرەکان!
هەر خۆمان بووین، تەنیا خۆمان!
تۆ و، من و، تەنیایی و گومان!
تۆ و، من و، ئەڤین و سێبەری نیشتیمان!
گوێمان لە سروودی عەشقی خۆمان دەگرت
عەشقێکی قووڵ و بێ قەوارە
عەشقی بێ نەخشە و ناونیشان!

هێی، هێی، هێی، هێی!
لەو زەمەنە بێ تەمەنە، هەر قاقا بوو
بە ئەسرینی چاوی ڕووناکی خۆی دەشووشت!
هەر نهێنی بوو بە ئاشکرا خۆی دەکوشت!
لەو تەمەنە بێ زەمەنە، لە باوەشی ڕامانێکی نارنجیدا
حەسرەتی سپی پرسیار و، پرسیار
لە دەروونت قەتیس مابوو!

هێی، هێی، هێی، هێی!
نەتدەزانی من چیم و کێم؟!
بۆچی هەر دەبێ لە دەڤەرە سووتماکەکەی نێوان دوو زێ،
دایکم بزێ و، من وەک قارچکی پرسیارێ
لەو نێوانەدا هەڵتۆقم؟!
بۆ هەر دەبێ لە گەشتدا بم! کۆچ لەچاوانمدا بنوێ؟

چۆن دەتوانم وا ژیرانە لەگەڵ شێتبووندا بدوێم و،
وا بە هێمنی لەگەڵ جەنگدا بەشەڕ بێم!؟

هێی، هێی، هێی، هێی!
نەتدەزانی، کام فەرهادە شیلەی عەشقم هەڵدەمژێ و،
تەزووی ماچە سیحراوییەکانم وەک دەریا دەیهەژێنێ و،
دەیکاتە دێوانەی سەررێم؟!
نەتدەزانی، کام یۆتۆپیا هەڵمدەبژێرێ
تا بیکەم بە نیشتمانی هەمیشەم!
کام جۆری کۆچ هەڵدەبژێرم، بیکەم بە ئارەزوو و،
پیشەم!؟
نەتدەزانی، کەی تونێلی کۆچی لەدایکبوونی من
کۆتایی دێت؟!
هێی، هێی، هێی، هێی!
چەندت پێ خۆش بوو بزانی، لە دۆنێکی تری ژیان
کام کلێشەی ئابەنووسی دەبێتە دۆزەخ یان بەهەشتی
گیانم!
چەندت مەبەست بوو بزانی، لە خوا و، شەیتان
من کامیانم!
بەدەم چاوی کراوەی پرسیارەوە، وەنەوزت دا
ئاوەزت لە نووستن یاخی بوو، هەمیشە!

بارانەشەوێ، بە سواری باهۆزی تاریکی هاتم
چاویلکەی بروسکە لە چاوانمدا بوو
ئاشکراترین نهێنیم لە ناو گزنگی گیانمدا حەشار دابوو!
بێدەنگوباسترین هەواڵ، لە گیرفانی جانتای بوونم،
لوول و مەلوول، لەسەر چرپای ئەڵماسینی بێدەنگیدا
پاڵکەوتبوو! ئاوریشمی شنەبای هیوای دابوو بەسەر
خەونەکاندا!
من،



وشەیەکی تەریووی پەیامێکی نەنووسراو بووم
لە دەمی خوایەکی عاشق بەربوومەوە و،
ڕۆحڕەشێکی سەرسپی هات هەڵیگرتم،
کردمی بە پەرجووی پێغەمبەرێتی خۆی!
لەوساوە خوا، لە ئەڤینی وندا بۆ من،
لە منی وندا، بۆ عەشق،
لە ناو هەردووکماندا بۆ خۆی،
لە ناو خۆیدا بۆ من و تۆ،
لە من و تۆدا بۆ ئەفسوونی نیشتیمان دەگەڕێ و!
ئەفسووس!
لەو ساوە خوا،
کات و شوێنی لە هەرێمی بوون و نەبوون لێ ونبووە!
لە هەموو کاتێکدا بۆ شوێنێ دەگەڕێ،
بیکاتە ماڵێ بۆ غوربەت!
یان باخچەیەکی نارنجی بۆ تۆی بێ زەمین و سەیوان!
لە هەموو شوێنێکدا بۆ کاتێ دەگەڕێ،
بیکاتە وەرزێکی فێنک،
بۆ منی بێ سپێدە و خۆرنشین و ژووان!
من،
بەرەو هەرێمی کۆچە تەریووەکان بەڕێوەم!
(هیچکوێ) ئەو بستە ماڵەیە، ڕەنگە! تێیدا نیشتەجێبم!
هیچکوێ، ئەو تۆزە ئاسمانە سامالەیە، دەکرێ بیکەمە
بە سەیوانێکی هەمیشەی جەستەی ڕووتم!
(هیچکوێ) ڕەنگە دواوێستگە بێ بۆ ئەم کۆچەم!
ڕەنگە بۆ ئەم دۆنەی ژیان بیکەم بە ماڵ!
(هەرگیز)
ڕەنگە ئەو کاتە بێ، بمگەیەنێتە ژووانگەی دڵنیایی،
بۆ ژووانی ئاسوودەیی و، عەشق و، مەحاڵ!!!

ئاوگوستی – ٢٠٠٢

# لەتەکانی
# عەشقاوێنەکەم

من شەوانە بە دیار باڵای مۆمی سۆزێکی سادەوە،
لە پشت شووشە شەرابییەکەی پەنجەرەکانی خەونەوە
تەماشای ڕامانی بەفر و،
لەرەی پڕ لە پرسیاری دارەکان دەکەم!
بە تیلەی چاو،لە دەموچاوی جیاوازی سنەوبەرە
لەیەکچووەکان ڕادەمێنم!
لەبەر پەنجەرەی سروشتی شێتی شەودا، شفرەی هەموو
نهێنییەکان دێنە ناو لەپی ئاوەزم!
دەیانبینم، دەیانبیستم!
بە جوانی هەستیان پێ دەکەم!
ئێستا و، ئێستاش نەکرانەوە و ناکرێنەوە
دەروازەی ڕازەکانی شەو!
ئێستا و ئەوساش نەمزانی بۆ گۆرانییەکان بە گۆچان
دەگەنە بەر دەرکی بیستن؟ و
هەر نەمزانی، چۆن سەرنجە کوێرەکان قەڵای ئەفسانەی
نیگاکان دەدۆزنەوە؟
ئەمشەویش درێژە ئازیزم، زۆر درێژ!! وەک باوێشکی
تەمەن، وەک هێڵی کاکێشانی نێوان سەرەتای عەشقێک و،
کۆتایی ئەو عەشقە!
زریبووەی ڕووناکی گڵۆپە دوورەکان، چوون خەونی زڕاوم
چاوانیان دەگڵۆفن!
ئەمشەویش درێژە، وەک شەوانی زبری تەنیایی!
وەک چرکەی لاوازی دەمژمێری زیندان!
وەک ساتی وەستاوی چاوەڕوانی و گومان!
لە دووری دوورەوە، گوێم لێیە، لەو زەنگە سامناکە!
لەو چرکەچرکەی کە تەمەن ڕاو دەکات،
ئاوەز دەهەژێنێ!



لەو میلی سەعاتەی کە بێباک وەک شێتێ لە ناکاو
بە پژمەی زەنگێکی ترسناک یادم دەشڵەژێنێ!

لە دووری دوورەوە، هەورێکی زیوبینم لێ دیارە، دەبارێ!
چاڵاوی تەمەنم پڕ دەکات لە ورشە و، لە گرشەی
کریستاڵی باران!
هۆڵ و دۆڵی یادم پڕ دەکات
لە شووشەی وردوخاشی هەست و سۆزی نیان!
لە عەشقی لەتلەت بوو،
لە مەشقی بێ پشوو!!
چاوم لە چاوانی بێپێڵووی زەمەنە، ڕاماوە لە بوونم!
لەم بوونەی بۆشایی تیا نییە!
ڕاماوە لە خۆرنشینی ماتی ونبوونم!
لەم ونبوونەی نێوان هەسارەی پەژارە و، خۆری خەون!
دەیبینم، نامبینێ!
چاوی ماتی تەمەن، لە بەر چرپی تەم و ماتەما!
دەمبینێ، نایبینم!
نیگای سەرابئاسای بەختیاری،
کە غەرقە لە چرپی تاسەما!
بڕ ناکات هەنگاوم! تا بڕۆم، بەرەو ئەو نیازە پاراوە
ئەو خەونە ڕژاوە!
حەوزێکم، لێوانلێو لە کەفی زیووینی ئەڤین و،
سوورەماسی سرکی هۆنراوە!
میلۆدی مەراقم، پریەتی لە بەستەی بنبەست و،
هۆرەی شینی شەوانی بێ یار و یاریی!
شەوانی خاڵیی لە بەختیاریی!
من کچی خۆرێکی شەرابییم! عەشق ئاوێنەیەکی لەتلەتم!
هەر لەتەم بە پەتی تیشکێکی سەرابی سوورەوە

بەستراوە! هەر لەتەم ئەستێرەیەکی نەزیفی
تریفەپژاوە! هەر لەتەم خەونێکی ئێوەیە و، خەڵتانی
سێڵاوە! ئەڤینی ئێوەیە و، شەلاڵی تیشکاوە!
لەتێ لەو لەتانەم کچێکە و،
لە مێرگی لێوانی کوڕێکی هەڵوەدا
نێرگزی ماچ دەچنێ و، بە بۆنی هەناسەی مەست دەبێ،
دەبێتە کیژەحەیرانی شەیدا!
کیژ دەڵێ: چەند گەرمە هەناسەی ئەو کوڕەحەیرانە،
لە ساتی ئاوێزان!
چەند نیانە دڵی، لە کاتی چرپەچرپی ناو جێ و، لە ساتی
شەن و کەوی خەرمانی نیازان!
چەند بەهێزە کاتی بەی گووشین،
ساتەوەختی قووڵی ڕامووسین!
چەند ساکارە سەروەختی پەیڤین!
لەتێکی تری عەشقاوێنە بێوێنەکەم،
کوڕێکە، نێچیروان!
لە دۆڵی کێوستانی سنگی کچەحەیران
بێسرتە بە تەمای نێچیرێ، بۆ کەوێکی سرکی دەنووک ئاڵ،
مات بووە و، سەرنجی سرک، سرک دەگێڕێت!
کوڕ دەڵێ: چەند سەخت بێ لووتکەی ئەو کێوانە،
شەرتە هەر بیگەمێ!
من هاتووم بێ نێچیر ئەم دۆڵە چۆڵ ناکەم!
ئای خودا ئەم کوێستانە چەند چڕە،
ئەم جەنگەڵی قژە، چەندە بێ ئامانە!
کچ دەڵێ: حەیرانت بم، حەیران!
ئەم دۆڵ و کێوانە، بە تۆوە خۆش و ئاوەدانە!
مەترسە کوێستانی هەوارم ئامان و ئومانە!
خۆشهاتی بۆ کەوستانی جەستەم، بۆ ئەم دۆڵە چۆڵە!



کە بێ تۆ وەک چاڵی سەهۆڵە.
کوڕ دەڵێ: ئاخ، هەستم بە ژانی تیرێ کرد، پێکامی،
وا دیارە کراوم بە نێچیر!
ئاگادار بە کیژەحەیرانی چاوبەڵەک، نەتپێکێ
دەیبینیم وا تیرێ بەرەو سنگی تۆش دێ!
کچ دەڵێ: هەردووکمان نێچیرین، کوڕەحەیران!
بابم بوو، وا منیش پێکرام
کوڕەحەیران، قوربانت بم، قوربان!
ئادەی با شەماڵی هەناسەت هەڵبکات بەرە و من
ببێتە دوا مژی هەناسەم!
باوکمە... لێم بووە بە دوژمن!
ئادەی دەمت بێنە، بالاگەردانت بم،
وەرە تینوێتی قووڵت لە کانی ناو دەمم بشکێنە!
وەرە با لەم دۆڵە چۆڵەدا بتنێژم! لەگەڵ دوا هەناسەم،
دوا بەیتی حەیرانت بۆ بێژم!
کوڕ دەڵێ: چەند شادم لە دۆڵی نێوان دوو کێوی سەخت
وەک تۆوی گوڵەباخ دەنێژرێم!
بەهاران، لەم کوێستانە دەپشکوێم.
ئەوا دێم! کیژە حەیرانی چاو کەژاڵی کانیلێو!
چەند شادم دوا شنەی شەماڵم بە سنگتا ڕەت دەبێ!
چەند شادم دوا مژی زەمزەمی نەمریی لەکانی لێوانت
دەنۆشم! چەند شادم! چەند؟! چەند؟! چەند؟!

٢٠٠٢-٢٠٠٣ ستۆکهۆڵم

# من، له دۆنی مەریەمدا!

به ڕووت و قووتی له بەر ئەم ئاوێنە تەڵخەی تەنیاییی
چی دەکەی، خوا؟!
بۆ نایەیتە باوەشی من!؟
تا هەردوکمان لە نێو گەردیلەکانی ئاونگی ئەڤین
وەکو دوو تیشکەمرواری،
لە جۆلانێی ئاوێزانێکی نەمردا
ببینە کۆکتێلی خاکیی
لە ڕووناکی و، لە با، و
لە ئاو!
یان هیچ نەبێت،
ببین بە پەنجەرەیەک لە ژووری هەتاو!
بە تاقی تەنیا، لە نێو ئەم ئاسمانە زبرەی دۆزەخ
چۆن دەسەکنی؟!
بۆ نایەیتە ناو بەهەشتی ماچەکانم،
تا لە شەپۆلانی جەستەی تیشکئاسامان ئاوهەڵدێرێ
دروست ببێ و، نەرمەبارانی هەناسەی ئاوێتەمان
ببێ بە سەرچاوەی سەوزی عەشقەلافاو!
بە ماتی، لە بەر دەروازەی سەرابئاسای بەختەوەریی
چی دەکەی یار؟!
بۆ نایەیتە ناو گەردوونی ئەندێشە گەشەکانی من!
تا بە پەنجە نەرمە، گەرمەکانی چرپە
دەنک، دەنک
زەنگیانەی واژە جوانەکان
بۆ گەردنی ئاوریشمئاسای ئەڤین بهۆنینەوە
بۆ نایەی بەدەم سەماوە، ببین بەنەوایەکی شل و مل
بۆ سترانی سادە و دەروێشانەی هەژان!
وەرە، با
بە ئاوێتەبوونێکی شێتانە،



لە ئامێزی ڕۆشن و سپی هەورێکدا
خاو بینەوە،
خاو بینەوە،
خاو!
بە هەڵزنینێکی هێمن،
بەرەو لووتکەی ئاگریی سۆز
لاو بینەوە، لاو بینەوە، لاو!
وەرە،
تا بە تووانەوە قەوارەی خۆمان لەدەست دەین
بەڵکە ببینە دڵۆپێ تیشکی جیوەیی نەگیراو
وەرە،
با ئەم ئازادیە دیلکراوە
بە ئەڤینمان ئازاد بکەین!
با ڕووبەری ڕۆح بەرین بێ، وەک پێدەشتی بەهەشتی ئاخ!
وەرە، با وەک دەریا هەناسەمان شین بێت،
تا لە ناویا نوقم دەبێ، پەیکەرە زبرەکانی ئاخ!

٢٠٠٣/٣/١٩ فاڵشۆپینگ

واو

پردی پێوەندییە

واو !

لە نێوان ڕەش و سپیدا
واوێک هەیە
ئەو گردی پردە نەبوایە
تۆفانی خۆڵەمێش دنیای دادەپۆشی
هەموو جوانییەکان ون دەبوون!
واو!
چەند سنوورێکی پێویستە
لە نێوانی ڕەش و سپی
چەند پردێکی میهرەبانە، واوێکی وا!

لە نێوانی ئەفسانە و ڕاستیشدا واوێک
تەنها واوێک پاسەوانە!
ئەو نەبێ بە سێلاوی ئەفسانە،
دێبەری حەقیقەت غەرق دەبێ!
چەند پێویستە واوێکی وا،
چ بەربەستێکە بۆ فەنابوونی بوون!
سوپاس بۆ واوێکی ئاوا کە ناهێڵێ خۆری حەقیقەت ئاوا بێ!

لە نێوانی هەست و نەستدا
واو نەبوایە، وێران دەبووین!
تێکەڵاوبوونی ئەم دووانە شێت و وێتمان دەکا
تار و مارمان دەکا!
واوێکی وا، وێستگەیەکە بۆ ئارامیی!
واوێکی وا!
وەک گوڵجاریی نێوان دوو شاخی زۆر سەختە!
واوێکی وا،
لە لێڕەوار ی دەرووندا
وەکو پێدەشتێکی تەختە !



لە نێوانی تۆ و من دا، باشە واو هەیە!
دەنا دەبووین بە یەکتری!
خۆت لە ناو مندا ون دەکرد،
خۆمم لە تۆدا دەسووتان.
واو! چەند باشە!
واو نەبوایە، بە شوێن تۆی بزربوو لە کێشوەری خۆمدا،
بزر دەبووم!
بۆ کوژانەوەی ئاگری سووتانم لە جەستەی خۆتدا،
ڕەنگبێ بۆ خۆشت سووتابای!
چەند باشە ئێمە دوو دانەین، نیر و مێی جووتێ پەپوولە!
بە دەوری شەمی ژیاندا سەما دەکەین!
گەر ون ببین، گەر بسووتێین
هەر پێکەوەین!
واو پردێکی پەیوەندییە!
نێوانمانی کردووە بە گوڵجاری تاسە و ئارەزوو
واو پردی ئەڤینە
من لەم بەریەوە، تۆ لەو بەریەوە
بێ پشوو، گۆرانی دەچڕین.
گۆرانی دەچڕین بۆ
لە ژێر ئەم پردەشدا، ڕووباری ئاوی ژیان
خوڕەی دێ!
شەوانیش ئەستێرە باڵدارین، بەسەریا هەڵدەفڕین.

٢٠٠٠-٢٠٠٣ فالشۆپینگ - ستۆکهۆڵم

## هەنار!

له بلّندترین پنتی ئاسۆوه
له ژێر خەرمانەی تریفه، که دەدرەوشێتەوه و، دیاره!
ئارەزوو دەکەی هەموو بوونت چاوێ بێ بۆ تەماشای
ئەم یاقووته خڕه! ئەم توحفەیه! ئەم شاکاره!

له پنتێکی کولّاوی ناو هەناویەوه
له بەر دەروازەی یەکێ لەو جەنگانەدا که ڕابووردن
لەبالّکۆنی یەکێک لەو هەرایانەی ئێستا لەوێن
لەبەر قاپی یەکێک لەو شەڕانەی له ڕێن!
دەنگی فیزاح کاست دەکات
ڕەنگی مەراق چاوەکانت دەئێشێنێ!

نارنجۆکێکی خۆڵەمێشییەئەستێرەی دێرین!
چەند شەرمەزاره کردگار، گەر پێی وا بێ هونەرمەندە و،
ئەم بەرهەمه شاکارێتی!
کاتی ئاوابوونێتی ئەستێرەی زەمین!

٢٠٠٣/١٢/٧

## هەوێن

دەشێ هەوێنی ئەم هەموو دەریایانە،
تەنها یەک دلّۆپ باران بێت!
دەشێ هەوێنی ئەم هەموو گەوالّەهەوره گەورانه
تۆزێ لۆکەی سەر برینی شەهیدێ بێ،
بەبرسێتی ژیانی بەسەر بردبێ و،
بەتینوێتی مالّئاوایی کردبێ له ژیان!

## زیزبوون

ئامرازی پەیوەندی نێوان دووانه
که له ژوواندا دلّیان بۆ یەک ڕادەخەن!

## کۆچ

پەیوەندی نێوان دوو کاته
هەردووکیان له خەودا نیشتمان دەبینن،
له بێداریدا تاراوگه!

## غوربەت

دابڕانی کاته له شوێن!
زیزبوونی تۆیه له خۆت!

# چامەیەک بۆ ئەنفال
# نامەیەک بۆ مێژوو!

# شاخ
# کێڵگەی گەنمەشامییە

بە تەیموور عەبدول، ئەو منداڵەی کە بەڕێکەوتێکی ئەفسانی لەمەنجەنیقی ئەنفال ڕزگاری بوو. شاهیدی مێژووی نەزیفی ترسناکترین قۆناغە: قۆناغی ئەنفال.
پێشکەشە

هەور هەڵدەوەرێ!
شەپۆل دەبێتە تابووتی ماسی
گیان هەنگاو، هەنگاو جەستەم جێدێڵێ
ئاسمان تاکە گوارە ونبووەکەمە و...
بە دوای گوێچکەمدا دەگەڕێ!
...
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە
باران ئاوێنەی خۆرە... و
ڕێگا و... پەیژە و... سەرووی تێدا دەبینرێ!
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە
ئەستێرە و،
زەردەخەنە و...
گوڵ و...
چرا و...
پەپوولەی تیا دەچێنرێ.!
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە!!
...
گوڵەبەڕۆژە شەوان بیر لە عەشق دەکاتەوە
سەر دەنێتە سەر شانی با و...
گەڵاکان دەکاتە سەرین
ئەوین ڕەنگاوڕەنگە، بەڵام
چۆن خۆڵەمێشی دەنوێنێ!
.........
سنگم هێلانەچۆلەکەیە
بە جریووەی ئەوان شیعرم بێداردەبێتەوە
بە فڕەفڕی ئەوان ڕۆحی نەسرەوتووی منیش باڵ دەگرێ
سەرم هێلانەپەپوولەیە
بە سەمای ئەوان، قژم دەبێتە ژێ!
.........



لەم بانێژەی هەورەوە، عەرشی ئەوینی گشت
ئەستێرەکان دەبینم
وەنەوشەیین،
ئاڵن،
ئاویین،
ڕەنگی قژیین، لێویین، چاویین
لەم بانێژەی هەورەوە
خەرمانی چرای سەوز، سەوز و...
مەرەکەبی ئاویی و... تیشکی خنکاو دەبینم
کۆلارەی وشەکانم هەڵدەدەم،جەستەم دەبێتە خاک!
.........
یاقووتی سەر موستیلە شکاوەکەی پەنجەی زەوی
گەڵاکان فێری درەوشانەوە دەکات
قەوزەکان دەبن بە فەرشی تاراوگەکانی دەریا
ئەرێ ئەم ماسییە چاوڕەشانە خەڵکی کوێن؟
لە کام دەربەندی شەپۆل سوتاوەوە هاتوون؟!
ئەم ماسییە چاوکزانە تا کەی بن دیوارەکانی دەریا دەکەنە حەشارگە!

کچ ئاسا، تەوارەکانی کێوانی گیانم
کوڕئاسا، هەڵۆکان، لە باشووری ئاسمانی عومرم،
یەکتری ماچ دەکەن
خەون... دەبێتە سەراب
یادگاری... درەختی نەزۆک
ئەستێرەش... بە دڕک!
.........
جەستەم... تەنها وڵاتێکە سنوورەکانی ئاوەڵان
تەنها پەنایەکە سێبەر بۆ ڕۆحم دەکات و... خولیاکانم

دەلاوێنێ!
سەرم تەنها پەیامێکە عەشق ڕادەگوێزێتەوە و...
نەخشەکان تێکدەشێوێنێ!
نێرگز، لە تاراوگەی خۆرا هەڵوەری و... گەنم بوو بە
نەعشی کێڵگە!
هێواش کەن، هێواش
دڕکە نینۆک درێژەکانی ڕۆژهەڵات!
پەنجەی کێیە وا لە خەنەی خوێنی نێرگزا دەبێتە مەنفای
ڕووناکی
چاوی کێیە؟
دەبێتە زەردەواڵەی سەرکەلاکی شیعری ڕەش؟
دەمی کێیە؟ لێوی کێیە؟
جەستەی کێیە دەبێتە سێدارەی مۆم و تیشک دەمرێنێ؟!
.........
وەرە پەپولەکەی سەرم!
داستانی هەڵوەرینی برژانگ و... گلێنە و... کاڵێنە
بۆ گەردیلەخاکییەکانی ئاسمان بگێڕەوە!
چاڵێک، دووچاڵ، دە چاڵ!
ئەم چاڵانە هەناسەی زریان و تووڕەی باران کردوونی بە
نزرگە!
ڕووبارێ،
دوو ڕووبار،
سێ ڕووبار،
ئەفسوس، ئەم ڕووبارانە سەرچاوەکانیان ژەنگاوین!
خێڵ خێڵ،
خرۆکەکان ڕووبەڕووی جەستەم دەجەنگن!
گرێکوێرە لەعەشق دەدەن!
چرای ستوونەکانی کۆڵان کۆڵانی دڵم دەشکێنن



چاو چاوی تێدا نابینێ،
چ نوتەکستانێکە ولاتی وێرانی جەستەم!
پەتا هەڵدەگیرسێ و... ژان دەبێتە شەپۆلێکی کلّپە!
لە گەڕەکی زامدا گوێزان برینپێچە،فریشتەیە!
هێلانەکان،نوها چۆڵن،بێ جریووەن... سنگم چۆڵە!
چۆلەکەکانی مردووە،
درەختەکان لە پرسەدان، سەوزاییان لە شیوەندا لەبەر
خۆیان دڕاندووە!

ئیتر نە چاو باوێشک دەدا... و
نە دەم پێڵووی لە رووی خۆرەتاو دادەخا
ئیتر نە نینۆک دەزێت و...
نە من ساویلکانە لە ئاوێنەی خەوندا... دەم دەنێمە نێو دەمی خوا!
کەلاوەکان... گلێنەمیان ڕووخاندووە
نان وەکو باڵی شەمشەمەکوێرە...
چەترێکی کون کون
بۆ کێڵگەی گیانی باران هەڵدەدات
پەنجەکانی ستوونی جەستەم بێچران... قەڵەم دەیاندزێ
وا چامە نەزیفە و... لەژێر پەڵەهەوری وەنەوشە گیان
دەدا
پەنجەکان دارخورمان
لەکەنار شەتاوی چاومدا ڕوواون... بەڵام ئاخ... نەزۆکن!
.........
من و ئادەم... ئەم دارسێوەش دەڕنینەوە
لقەکانی دەکەینە هێلانە چۆلەکە و!
گەلاکانی بە نیشتیمانی پەپولە
من و ئادەم
تێکەڵ بە یەکتر و دەریا دەبین

ئاوێزانی یەکتر و چیا دەبین
لە چرکەکانی لەززەتدا
سەدان ماسی نیوە کچ و...
سەدان ماسی نیوەکوڕ لە دایک دەبن
لە بومەلەرزەی ئەو چرکەساماناکانەی عەشقدا
دەریا دەبێتە ئەفسانە
ئەفسانەش بە ژوورێکی وێرانکراو
من و ئەو... ئەم دارسێوانەش دەڕنینەوە
تا نەفرەتەکان ببن بە تەنافێکی باریک و،
تاوانە بێڕەنگەکانی لەسەر هەڵبخەین!
.........
هەور قردێلەیەکی سپییە... و
بە منداڵی دەمکرد بە گوڵ
قژی خۆم پێ دەبەستەوە
ئاسمان کراسێکی شینە،
ڕۆژانی سەرەتاییم لەبەرم دەکرد
ئێستا نە قردێلەم هەیە، نە سەر
نە کراسم هەیە... نە جەستە
گەورەیی... دارستانی قژمی ڕنی
ئاسمانی لەبەر داماڵیم!
.........
وەرە پەپولەکەی سەرم حیکایەتی چاڵەکانم بۆ بگێڕەوە!
چەند ڕۆح هەڵوەرین؟!
گەلەهەورەکان تورەیی و بێئۆقرەیی ساڵانێکیان لە
ئامێز بوو
وەکو چاوی حەوای ئازار
جەستە خاکێکی ئامادە بوو بۆ چاندن
پڕ بوو لە تۆوی وردیلەی ژیلەمۆو خار



کڵپە بارانی داخ دەکرد
چاڵەکان واشە و داڵاش بوون
زام زام جەستەیان دەبژارد
تاڵەخوێنی هەڵواسراوی مەرەزەی گیانیان دەڕنین!
گیانم مەنفای بیابانە!
لم دەمکاتە تۆوی گوڵئەستێرە و ناڕوێم
سەراب ئاودێریم دەکات و... ناڕوێم
هەور چاودێریم دەکات و ناڕوێم
شاخ کێڵگەی گوڵئەستێرەیە!
.........
وا ئەستێرەکان بەرەو زەوی دەکشێن،
کاروانی خۆپیشاندانە
تاریکی لافیتەیەکی قەترانچنە
دروشمەکان بە تریفەی ناڕەزایی لەسەر سنگی خێوی
تاریکی نوسراون
(نامانەوێ خەڵکی زەوی لەسەر ئاڵا شڕەکانیان
بمانکێشن
نامانەوێ، نا.
نامانەوێ لە نێوانی کۆپلەی شیعرە ژەنگاویەکان
بماننوسن
نامانەوێ نا!!)
.........
زەوی چاڵێ بوو بەقەد گۆی زەنگۆڵەیەک
دەنک دەنک
موورووی چاو و... گوێشەوارە و... مرواری دانی قووت
دەدا
کەنیشک دەبوو بە پەپوولە و...
کوڕگەل دەبوون بە چۆلەکە و

بارانی لم دەیخندکاندن
هەور هەڵدەوەری و... دەبوو بە کفنێکی لۆکەئاسا
زامەکانی دادەپۆشی و،
حەوای دەکرد بە تابووتی جەستەی ئادەم
ئادەمیشی بە تابووتی جەستەی حەوا!
.........
کات: نێوانی کازیووەی شیعر و... خۆرهەڵاتی جەستە
شوێن: دووکەڵ
گەلاکان سەوزایی گیانمیان گرتەخۆ
ئەستێران رووناکی چاومیان برد بۆ خۆ
دەریا گیان!
لەنێو کام شەپۆلی سەرکەشت جۆلانێم بۆ دەکەی... وا
دەمرم!
باران گیان!
بەهاژەی خووناوی کام تنۆک،
لەسەر کام تاتەشۆری چنوور...
لاشەی چاودانەخراوی منداڵییم دەشۆی!
وا سەرم چۆڵ دەبێ،وا سەری چۆڵی خۆم هەڵدەگرم
نا، دەمبەن
بەرەو ئەستێرەیەکی لێرانە کاولتر!
شەوی تار!
بە کام خێوەتی ڕەشت خەندەم دادەپۆشی و،
نهێنیم مات دەکەی
وا ماسی گریانم دەخنکێت!
دارستان!
ئەی تۆ کام لقی خۆت دەکەیتە قردێلە بۆ ڕۆحم
کە وەختە وەک پەڵە ئاسمانێکی ڕزیوو
بەسەر ئەم مەزرای مەرگ و تابووتە داباریێت!



.........
لەم بەری شەقامدا
کچێکی چاوشەکەت، دڵ لەتلەت
ژێیی پرچی ئالاوەتە ڕۆحی و ئازارێ دەژەنێ
لەوبەریش من سەیری ئاوێنەی درزبردووی عومر ئەکەم!
لەوبەری شەقامدا،
منداڵێک چاوی وەک ئاسمان و...
لەپی چوون نان پانە
لەمپەرێ لە نێوان ژێرپێی و... خاک نییە
وەک جەستەی دوو گیاندار لە شەوی بێپەردەی پەردەدا
لەمپەرێ لە نێوان جەستەی و... با، نییە
وەک کۆکتێلی هەناسەی جووتێ کە دەبن بە تاکێ!
لەمبەریش،
من سەیری ئاوێنەی درزبردووی عومر ئەکەم!
.........
هەور هەڵدەوەرێ،و
دەمامکەکان لە شێوەی نەهەنگ، دێو و درنج، دێناسۆر
دێنەخوار
زەوی دەبێتە دارستانێ لەناو دەریادا
زەوی دەبێتە بەلەمێک لە بادا
زەوی دەبێتە دەرزیلەیەک
لە بەرۆکی منداڵێکی بێ بەرۆک
هەور هەڵدەوەرێ و... باران دەبێتە تابووتی گەنم!
.........
بە پەنجەی مەراق دەمبینی،
مەرگەساوا وەک زۆڵێکی حاشالێکراوی بێکەس
لەبەر دەرکی مزگەوتێکدا فڕێدرابوو
من هەڵمگرت و ماچم کرد، چوون سوورەتێکی پیرۆزی

کتێبی خوا!
لەسەر کۆشی خۆمم دانا ،وەک ساوای خۆم
مەمکی خۆمم لە دەمی نا ،
بە زمانێ لایەلایەم بۆ کرد، جیا لەوەی
کە سوورەتی ئەنفالی بە خەتی ئاجڕوباجڕی جنۆکەکان
پێ نووسرابوو!
ئەو زۆڵە پیرۆزەی لە ئامێزم دامنا
دایکداری بێ باوک بوو ،باوکداری بێدایک بوو
دەیانووت کچی ئادەمە، دەیانووت کوڕی حەوایە،
دەیانووت ئەم تولّفەحەرامە لە ساتی تێکئالآنی
زەریای کات و ،دەریای شوێندا لە دایک بوو
هێی... کۆرپەزۆڵەکەم
چەند ساوایەکی پیر و...
چەند پیرێکی کۆرپەیە مێژوو!

نیوەی دانیشتوانی جەستەم لە تاوا شێت و، هار دەبن
لە نێرگزەجاڕی هەستدا بەم ڕۆژگارە دێن و دەچن
گوڵیان بە پێدا دەچەقێ
شیعریان بە پێدا دەچەقێ!
نیوەکەی تری بێدەنگن... وەک پەیامی سامناکی جەنگ
چوون شەوانی تەنیایی من لەگەڵ خۆمدا
وەک هاواری کازیووە لە ترسی هەتاو
وەک ساتی دڵنیایی شک!
نیوەی دانیشتوانی جەستەم زبرن وەکو پەنجە و چاو و...
قژی زەوی!
نیوەکەی تری نیانن... وەک زیخەڵانی چەمی ناز
نیوەیان کورتن وەک هێڵی کاکێشانی نائومێدی
نیوەکەی تریان درێژن وەک پشتوێنی کەمەری باریکی



زەوی!
تیژن، کوللن، مەزنن، وردن
چ کێڵگەیەکی سەیرە، جەستە!
لەم دارستانەدا وانەی ڕاو دادەرێ
لق ڕاوچییە!
پەل، چڵ، گەڵا
گیا ، گوڵ... ڕاوچیین!
لەم کێڵگەی پەلەوەرەدا... داو دادەنرێ
دار داوە!
ئاو، با ، هەتاو
شەو، کازیووە ،کات داوون!
لەم جەنگڵستانە سەیرەدا
گەڵا پەپولە و، با... چۆلەکە ڕاو دەکا!
.........
سنگم، هێلانەیەکی زستانەیە بۆ پەپوولە
قژم هێلانەیەکی هاوینەیە بۆ چۆلەکە
لە بەستەڵەکی جەستەدا پەپوولە ڕەق دەبێتەوە!
باڵ هەڵدەوەرێ!
لە گەرمەسێری جەستەدا... چۆلەکە سۆمایی دادێ!
لە دۆڵی تژی لەئاگری مۆر و شل
تارمایی دەخنکێ!
سۆمایی... وەک گەڵای وشکی ژێر پێڵاوێ...
سۆمایی... چوون کفنی پەیامی ماچێکی بەرهەتاو...
دەڕزێ!
......
هیۆر بەوە!
سەرەتا لە کۆتاییەکانەوە ڕێ دەگرێ و...
بەرەو کانیاوی زەمەنێ لە موراد ورد، ورد دێ!

گەرچی تاریکی بە لەنجە و لارەوە خیوەتی سپی خۆی
لە شاری خۆری دڵ هەڵدەدات!
تاڤگە بەرەو هەور هەڵدەزنێ!
هەور وێنەی گیایەکی لۆکەیی
دەبێتە فەرشی جەستە، جەستەش بە گوڵەئەستێرە!
ئەستێرە پڕ دەبێ لە ئاسمان!
ئەستێرە پڕ دەبێ لە زەوی!
لە هەور،
پڕ دەبێ لە چۆلەکە، پەپوولە...
پڕ دەبێ لە تۆ و... من!
.........
چاڵ تابووتە و... منیش هاوارێکی ڕاکشاوی شەکەت!
من نازانم ئەمە تابووتە ڕێ دەکات،
یان بیابان پێی گرتووە و بەرەو شاخ پیاسە دەکات!
من نازانم... ئەستێرەی جەستەمە دەدرەوشێتەوە،
یان زامی بە گوللە سیخناخکراوم!
هێشتاش نازانم... من شێتم و حاڵ دەمگرێ،
یان بوومەلەرزە سەما بە ڕۆحم دەکات!
هەر هێندە دەزانم... کە شێت دەبم،
جەستەم وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە و،
وەک بوومەلەرزە حاڵ دەمگرێ!
بیابان پێ دەگرێ و... نەعشەکەم دەداتەوە بە شاخ
داربەڕوو دەمنێژێ!...
کە دەڕوێم
بێ گەڵام... بێ لقم... بێ چڵ وبێ دڵم
کە دەڕوێم... ڕۆحمە دەبێتە تۆوی گەنمەشامی و...
جەستەمە دەبێتە پەپوولە!
.........



ئەم گەشتەم... لە نهێنییەوە بۆ نهێنییە!
کۆترەکان لە قەفەزی جەنگدا بەرەڵان
هێی... کۆرپە نازدارە زۆڵەکەم!
ئێستا دەزانم... کۆتر سیخوڕی پۆلیسە و
پەپوو ئاشتیخوازە!
بەم درەنگانە زانیم، جریوەی چۆلەکەی ناو باخچەی
ماڵەکەم
جریووە نەبوو!
چاو فڕین... واتا کوێر بوون و،
ڕووبار لە خەونا تاریکی و...
ماسی برسێتی و...
گوڵ خوێنە!
درەنگ لە خەونامەم ڕووانی، درەنگ زانیم
کەشتی تابووتە
ئاوێنە مەرگە
بەهەشت... بیابانە و
دارێکی لێناڕوێ تا ئاو بەژێریا بڕوات!
درەنگ زانیم حۆری،
ئەو چل دیارییەی دەدرێ بە خوێنەرانی هێژای
سوورەتی تاڵان
ئەو چل دیارییە قژ خاوە پەپوولەن پەپوولە،
پەپوولەی کێڵگەی گەنمەشامی!
زۆر درەنگ زانیم... دەزانی؟؟!
زۆر درەنگ زانیم دۆزەخ لە ئاسمان نییە، لێرەیە...
لە ناخم!
تازە چ ئەفسوسێ دەبێتە هەلۆرکە بۆ ئاخم!
.........
لە یەکەم وێستگەی دۆزەخدا...

جانتای بیرم دەپشکنن
بەفر قەدەغەیە،
شیعر قەدەغەیە،
دەریا، ئەستێرە، ڕێگا، ئەوین، بیر... یاساغە!
لە یەکەم وێستگەی دۆزەخدا
ئیسفەنجێ دەخەنە خوێنم!
.........
ڕەشماڵەکەم دراوسێی ڕەشماڵی خوایە
لە پێش مندا... بە چەند ڕۆژێک سەریان بڕی و
هێنایانە ئەم خێوەت و ئۆردوگایە
شەوان دێت و... جار جار سکاڵای تەنیایی و
زامی دەروونیم بۆ دەکات
سەری ئەویش لە چاڵەکاندا بەجێما...
دڵی ئەویش لم قووتی دا
جەستەی ئەویش وەک تۆوێکی سپی بچووک
لەم کێڵگەی گەنمەشامییەچێنراوە!
سەری ئەویش هەور بردی
ڕۆحی ئەویش بوو بە هەسارەیەکی گەڕۆک
لەسەر ئەم با سرەوتووە، بوو بە دراوسێ ڕەشماڵم!

ئەو دەڕوات و...
من لەسەر نوێنێ کاغەز ڕادەکشێم،
بە شیعرێ خۆم دادەپۆشم،
چیرۆکێکیش دەکەم بە باڵشت و... دەستپێدەکات
سەمفۆنیای پرخەپرخ
نا... نا هێشتا نەنووستووم من،
داستانە خەونێ دەبینم
ئەم خەونە ساڵێکە یان ساتێ... نازانم!



چەرخێکە یان چاوقوچانێ... نازانم!
ڕۆمانە خەونێکە و، دەیبینم.
.........
شوێن: ئێرە،یان ئەوێ
کات: سبەی، دوو سبەی، یان دواتر
ڕووداو: کۆمیدیایەکی تراژیدی.
پەپولەڕاو دەکرێت
پۆلە چۆلەکەیەک لە مەنجەنیقی چاڵێکدا دەکوڵێن
دەڵێن پاشاگەردانییە، گەدا گەردانییە، ئاژەڵگەردانی!
ڕۆحم بە مەداری گەردووندا دەسوڕێتەوە
گەردوون بە مەداری جەستەمدا
جەستەم هەسارەیەکی گەڕۆکە و... بەرەو نهێنی
هەڵدەفڕێ!
ئەم تراژیدیایە ختووکەی سروشت دەدا
ئەم جەستانەئالۆشیان داوەتە زەوی
ئەم چاڵانە شانۆی بوومەلەرزە و... سەمای مەرگن!
.........
هیچ نەما لێی یاخی نەبم... جگە لە خودی یاخیبوون
هیچ نەما ئازارم نەدا... جگە لە خودی ئازار
هیچ نەما تێر بۆی نەگریەم، جگە لە خودی گریان
بە هاوار... هاوار شێت دەکەم
بە بێدەنگی بێدەنگییەکان لاڵ دەبن... لاڵ
بە ئاوێنە ئاوێنە شەرمەزار دەکەم
.........
تۆ بڵێی یاخیبوونی شەیتان هۆی ئەوە بێ جەستەی
ئاگرە و...
جەستەی ئێمە خۆڵ
یاخیبوون هونەرە!

ئیدی کاتی یاخیبوونی جەستەیە... لەسەر...
کاتی یاخیبوونی ئاگرە لە با
ماسییە لە ئاو،
مرۆڤە لە خوا
یاخیبوون باڵاترین هونەرە!
.........
ئەم کۆلارەیە...
ئێواران بە ناو ئاسۆی بیردا تێدەپەڕێ... و
گوندەکانی هۆش بۆردومان دەکات
ئەم کۆلارەیە...
کە منداڵ بووم وامدەزانی کەشتییەکی کاغەزینە و...
لەناو بادا لەنگەر دەگرێ
ئێستا دەبینم... کە ئەو دێ... خەڵکی جەستەم کۆچ دەکەن
و
منیش چۆڵ دەبم!
بە بێ خۆم دەژیم!
ئەوە جەستەمە و،... دەبێ خۆم لە کام تاراوگەدا بم!
لە کوێ بگریەم، گۆرانی بچڕم، دەرۆزە بکەم!
ئاخۆ شاعیرەکەی ناخم سەری لەناو کام کۆڵەپشت و...
دڵی لە بوخچەی کام تابلۆدایە!
ئاخۆ ئافرەتەکەی ناخم لە کوێی گەردوون ژان دەیگرێ
و...
لە کوێ کۆرپەکەی دادەنێ!
.........
من لە پێناوی نزیکبوونەوەدا دوورکەوتمەوە
لە پێناوی گۆرانییەکی نەبیستراو... لەسەر ئەم شەپۆلە
شێتە سەما دەکەم!
من، لە پێناوی مرواری ڕاستی،



خۆم هەڵدایە نێو ئەم دەریای مەرەکەبە و،
تیا نقووم بووم!
من ئەم گەشتەم لە نهێنییەوە... بۆ نهێنییە!
هاتم،، تا یادگاریم لێرە و لەوێ هەبێ
تا یادگاریم لە هەموو جێیەکی زەوی هەبێ
شاخەوانێکم و... بست بە بست بیابانم پێوا
لە ئاگرەوە هاتم و...
دڵۆپ دڵۆپ، ئاوم پێوا
بام پێوا...
ئەستێرە ئەستێرە گەڕام و...
لە سەر هەر هەموویاندا ڕاشماڵم هەڵدا
گەردوون ڕەشماڵە گەورەکەی منە
من کۆچەرییەکی نهێنیم و، جەستەم پەیامە.
چاڵ قووتی دام! خواکان شێت بوون
ڕۆح کێمی کرد
زەوی بوو بە لێفەیەکی ئەستووری لم
لە ژێریا نوستین
نوستنێکی هەستیاری وەکو بێداری
نوستنێکی درێژخایەن، کەروێشکەخەو
هاتن وتیان ئەمە مەرگە،
ئەمە مەرگە؟!
چەند خەوێکی سووکە مردن!
دوێنێ مردم، ئەمڕۆ بوومەتە ئاولەمە،
سبەینێ، دایکێک و باوکێک و خوایەک دروست دەکەم!
چەند خەوێکی سەیرە مردن!!
.........
جاران ماڵم لە ڕێی کاکێشان بوو!

ڕێی کاکێشان دووره به قەد مەودای نێوان من و زەوی
من و شیعر!
دوور بووم له پاییزی چاوی هەتاو
له دڵی هەور
سنگی ئاسمان!
نزیک بووم له ڕۆحی گەردوونی تۆ و درەخت و
تنۆکەشەونمی باران!
دووربووم له خواوەند، نزیک بووم له پەری!
دووربووم له کۆلارەی ئاسن...
نزیک بووم له باڵی چکۆله و ناسکی
پەپولەقژخاوەکانی کەنار ڕۆح و، نێو دارستانی
جەسته!
دوور بووم له خۆم... نزیک له تۆ!
جاران ماڵم نەبوو...
ئێستا ماڵم... نییه...
.........
کەناری لماوی باران
وێستگەی دوانیگای مەحاڵ و ڕۆح بوو
درەختی ئاگری تەمەن بوو به کۆتەرەی زامی ئاینده
ژانی ئاینده
وێرانەخاکی ئاینده!
شوێن شێت بوو لەتاو بروسکەی کۆچ و... تەقینەوەی ئەم
تیژەوەتیره!
ئەمه بەروبوومی ئاوی ژیان و،
شەپۆلی درەختی مەرگە!
ساتی تەقینەوەی کۆچه!
ئەمه دوا وێستگەی ژووانی حاڵ و مەحاڵه
ئەمه فیستیڤاڵی چارەنووس و بوونه



ساتی تەقینەوەی چاڵە!
.........
هاتمەوە نێو خەونی کەوەڕۆژێک و
لەسەرچاوەی چاوتانەوە هەڵقوڵام
هاتمەوە تامەحاڵتان بۆ بگێڕمەوە
تا گرێکوێرەی چاڵتان بۆ بکەمەوە
تا به گریانەوە باسی پێکەنین و ستران و گوڵ بکەم
هەبوو... نەبوو
زەوی هەبوو، ئاسمان نەبوو
گریان هەبوو، نان نەبوو
شەو هەبوو، باران نەبوو
چاڵ هەبوو، ژیان نەبوو.
.........
بێداریم،
مەرگی مێژووی زڕاند
لەوەتی بێداریم زڕاوە
له پرسەی چۆڵ و هۆڵی خۆمدا سۆز دەکەم،
حاڵ دەمگرێ، مەحاڵ دەگرم.
لەوەتی شیعر زڕاوە،
فەرهەنگ گۆڕستانی وشەیه و،پیتەکان گڵکۆی کۆرپەن.
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییه!
– ئەم دێبەرەیان کەی بەش کرد؟!
– ئەو کاتەی گەردوون وەک ساوا مەمکی سروشتی
دەمژیی
خۆر هێشتا کاڵ نەبووەوە
دڕکەزی ڕێی خەونەکانی نەدەناسی
– ئەم دێبەرەیان کەی کێڵا؟!
– مانگ زمانی نەپژابوو

ئەستێرە پێی نەگرتبوو
هەور تازە دەریای دەناسی، جار جارێ
قژی چەرمووی خۆی لەبەر ئاوێنەی شەپۆلدا
دەڕنی!
– ئەم دێبەرەیان کەی پڕ کرد لە ژیلەمۆ؟!
– من تازە پوش و پەڵاشی پاییزم کۆدەکردەوە
تا بیکەم بە هێلانەیەک.
.........
ڕەدووی با کەوتم!
وەک خوری شیکراو هێنامی، هێنامی، هێنامی
تا لە چاڵی ئەم سەرنجە ڕەشەی بیاباندا دایینام.
ڕەدووی باران نەکەوتم... تا وەکو تۆوی گەنمەشامی
لەسەر دوندا بمچێنێ و... لەسەر دووندا بڕوێم!
با هەڵیگرتم،
پرد هەڵدەفڕی و دەبوو بە هەور و... با هەر دەیبردم!
کەنار ئاو دەیبرد... شەپۆل دەخنکا... با هەر دەیبردم!
ئارەزوو دەیبەست
ئاگر کون دەبوو
کات دەتوایەوە
شوێنیش شێت دەبوو... با هەر دەیبردم!
دەمامکی سەوزی درەختی پۆشیبوو... با
دەتگوت دەروێشێکی حاڵلێهاتووی سەرخۆشە
پەڕە پەڕە، بەردی هەڵدەدایەوە
تەرمی ورد ورد و... هی درشت درشت
تەرمی نان و تەرمی مەمک
با... هەڵیگرتم
لەناو چاڵی بەسەرنج قوڵکراو
لە پاڵ ئاگرێکی کون کون
بە لەپی ئاگر تەوقەی لەگەڵ کردم و... گوزەرا



بە پەنجەکانی ئاگر چاوی داخستم و... ڕۆیی!
.........
شەپۆلی یاد، لەبیرچوونەوە قووت دەدات
تەمێکی پییر بوو... مەرگمی خوساند
تەمێکی نەخۆش، خەونمی خوساند، جەرگمی خوساند!
دەمامک کەوت و... ڕوخساری بام دی
ڕەش بوو، چوون قەتران
کۆترەکەی مێژوو
شان بە شانی با... چەپڵەی لێدەدا
لەوساوە...
پرد هەورە و... نابارێ
کەنار نوقمی خەوە
گڵکۆی نان و مەمک هەڵکەندراون
حیلەی ئاگر چاوی کاس کردووم
گوێم هیچ نابینێ، چاوم نابیستێ،زمانم گۆجە،
هەست بە هیچ ناکات دەست و پێم،
.........
لە کریستاڵی خەوەمەرگێکدا ونبوونی خۆم خواردەوە و...
هۆشم تەزی!
جێپێی وشەم دەدی بە ناو خۆڵەمێشدا دەڕوا
چاوم بەناو ئاگردانی بەفرا گێڕا
هەرچی وشەی شین هەبوو چنیمەوە و
لەگەڵ قژی ڕنراوی درەختەکاندا
لە گوڵدانی ڕەشی شاخدا دامنان
ونبوونی خۆم خواردەوە و... بە سەرخۆشی
بووم بە گریانسوارێک
گریان دەسووتا و...
فرمێسک دەیبەست و...

برژانگ دەتەزی
لاشەم وەک کۆرپە لە بێشکەی چاڵێکدا پاڵخرا... زریانێ
ڕایدەژەند!
.........
زمانی ڕۆحیان بڕیم و...
گوێمیان سیخناخ کرد بە قوڕقوشمی جنێو
ئێستا ڕۆحی کەڕ و لاڵم لەم شایی مەرگەدا کڕو کاس
دانیشتووەو،
هزرم سێدارەی شیعر و... بێشکەی نامۆییە
نامۆیی...
تنۆک تنۆک پیامدا دەڕژێ و... پڕم دەکا لە بزربوون!
ئەفسوس! ڕەدووی با کەوتم و... باش کوشتمی!
تۆ لەبەر دەرگای خەونێکدا ڕاوەستابووی
چاوەڕێی ڕابردووت دەکرد
ئەو نەهات... تۆش هەر بۆنی دڕکی سەرکەوتنت دەکرد
دڕکێک کە کراسی پەڕپەڕەداری سووری گوڵی پۆشیبوو!
سواری بوراقی هزر بووم
هاتم، ئاگاداریم پێبوو
کودەتایە!!
ئەم مەرزانە دەبنە مەرەزەی ستران و،
ئەم دەخمانە دەبنە بێشکە و،
ئەم دێیەرە وێرانە دەبێتە وەنەوشەجاڕی عەشق
هاتم،
ئاگاداریم پێبوو!
ئەسپەکەم ئاگر بوو... پەیامەکەم ئاو
تۆ لەبەر دەرگای خەونێکدا دانیشتبووی... دڕکی
چاوەڕوانیت دەژمارد!
ڕابردوو هەر نەهات،



هێشتا دڕک بەرگی سپی و کڵاوی زەردی نێرگزی لەسەر نابوو
پێغەمبەرێکی ئیفلیج بووم!
ئایەتی ونبوون گۆچان بوو بە دەستمەوە
حەزیای غوربەت قووتی دەدام
تۆ لەبەر دەرگای خەونێکدا پاڵ کەوتبووی
زمانت لە پشتی دەم و...
چاوت لە پشتی سەرتا بوو
نەهات هەر نەهات... ڕابردوو
تۆ لەبەر هەمان خەون نووستبووی
ئەسپەکەم ئاگر بوو... پەیامەکەم ئاو!
.........
بەو ئاسمانەدا... پۆلێ ڕۆحی ڕەش تێپەڕین... ڕۆحی تاڵ!
گوڵە ژاڵە و... دڕکەژاڵە و... گەڵا ژاڵە...
نەمدەزانی کات تاوانبارە یان شوێن،
نەمدەزانی... نا!
قژم کۆچی کرد و... ئەسپێ بێ وڵات مایەوە
نەمدەزانی جەستەم تراویلکەیە، یان بێداریم خەونە...
نەمدەزانی نا!
ویستم ماچت کەم
لێوم پڕ بوو لە پڕیشکی ئاگر
ویستم بۆنی ڕەنگی چاوت بکەم
بیلبیلەت پڕ بوو لە ماسی مردوو
نەمدەزانی دەریا دەدرەوشێتەوە، یان مەرگی ماسی؟!
نەمدەزانی... نا!
.........
داوی کات تیشکی ڕاو دەکرد،
تیشکیش لە پاڵ تاریکیدا، ئێشکی گڵکۆ دەم داچەقیوەکان
و...

مردووه دەم داخراوەکانی دەگرت...
ڕەنگی چاوەڕوانیم... وەک ڕەنگی بریندارێکی نەزیف
وەک دەنگی بریندارێکی کوژراو
خاو بوو... خاو!
تەنیاییم دەدرەوشایەوە
وەک درەوشانەوەی تەنیایی هەزاران چۆلەکەی بێباڵی تر
کە لە کەنارمدا مردن
شەو قیژاندی!
گوللە لاڵ بوو
نەمدەزانی ئەم گەڵا زەردانە کفنن... نەمدەزانی... نا!
نوێنەری با... ئەم گەڵایانە بەناو جەستەدا بڵاودەکاتەوە
تاریکی هەڵدەقوڵێ...
وەکو خەمی پەنجەکانم
وەکو ساتەکانی ونبوون...
بێدەنگی سەرئاو دەکەوێ
وەک ئیسفەنجی ویژدان
وەک تەپەدوری سەر بوتڵی بێهۆشی...
مردن سەما دەکا
وەک چڵە زەیتوون و سەعافی دارخورما...
ڕۆژ دەکوژێتەوە، وەک یادگاری و خەون و هەسارە...
وەرە پەپولە گیان،
هەتا تۆ دێی، باڵم لەناو ئەم گیا شینە دەشارمەوە
جەستەم بە ڕێگاکانەوە دەدرووممەوە
پێچەوانەی بوونی خۆم
بوونی دەریا و...
ئۆقیانووسی مەبەست
پێچەوانەی ئەم رووباری بێدەنگییە شێتە دەڕۆم
ونبوون هەڵدەقوڵێ!



.........
سێبەرەکەم ماڵمە و... تیا نیشتەجێ نیم...
ئاو دەدرووم بە ڕەگەوە... هیچیان تینوێتیم ناشکێنن!
.........
نە نوێنەری با بووی، نە خوشکی درەخت
ئەم گەڵایانە کراسێکی ئاودامانی سپیین
بوکێنی ماچ دەکەن،
بوکێنی تارمایی ڕۆژە
تاریکی هەڵدەقوڵێ، چاو دەکوژێتەوە،ڕۆحی ڕەش دێ،
ڕۆحی تاڵ!
چ تەموورێکی تەنیایە ئەم ڕێگایە!
چ تەموورێکی بزرە
گیان لە کوێ هەڵفڕی و... لە کوێ دەنیشێتەوە
چ چۆلەکەیەکی وێڵ و سەرگەردانە!
چەند باڵێکی حەشاردراوە
چەند گیاندارێکی بێ تووک و تەنیا و...
چەند ڕۆحدارێکی ڕەنگ هەڵفڕیوە تەموور!!!
.........
ئەم زەنگە لە کەللەسەری ڕۆژدا لێدەدا
ڕۆژی شەوارەکردوو
تەریک، ئیفلیج
گۆچانێکی پشت شکاو ڕایگرتووە ئەم نەعشی ڕۆژە!
ئەم زەنگە
لە جەستەی شەودا لێدەدا
شەوی پیبیر، خەوزڕاو، باڵا کورت
گۆچانێکی پشتشکاو ڕایگرتووە، ئەم نیشتمانە
بستەباڵایەی شەو!
.........

ئەم جێپێیانەی لە ئاتاشگەی لمدان
ئەم شوێنەوارە بچوکەی لەناو بەفری کاسەسەردایە
نیشتمانی چ هەنگاوێکی کۆچەرە؟!
ئەم هۆرەیەی، نە خوا، نە خۆر، نە خۆشەویستی
دەیبیستێ
دەنگی کام دێوانەیە؟!
.........
دەڵێی گەردوون... جگە لەتاقانەی زەوی... قەت کۆرپەی
تری نەبووە!
دەڵێی زەوی... کێڵگەی لم و خۆڵەمێشە!
لم هەنگاو ون دەکا
خاستەر سووتووی ڕێگایە
چۆڵەوانییەک بە تەنیا دەڕوا
تەنیایەک بە تەنیا دەڕوا
هەر دەڵێی تاقانەی ئادەم و حەوایە!
تەیموور سەری خۆی لە کۆشە و،
قاچەکانی لەناو پریاسکەی لمدان و،
باڵەکانی لەناو هەور شاردۆتەوە
تەیموور زمانی پژاوە و... لەگەڵ بزربووندا دەدوێ
هەردوو گلێنەی خۆی لە مشتی ناوە وەکو کەلا
وازی لەگەڵ خۆیدا دەکات
تەیموور چییە؟!
رووبارە، یان درەخت، یان بەفر؟!
تەیموور کێیە؟!
منداڵە، یان گوڵە، یان کۆتر؟!
کامیانە؟!
.........
بروسکە فلاشە و ئاسمانیش وێنەگر



سات بەسات وێنەی ئەم هەنگاوە کۆچەرە دەگرێ!
هەور... دێڕ بە دێڕ ئەم هۆرەیە دەخوێنێتەوە
ئەم جووتە پێ بچکۆلەیە... جووتێ قەڵەمن
کۆچی بزربوون دەنووسنەوە
ئەم هەنگاوە وردانە
هەموو دنیایان کردۆتە ڕێگا!
توولەڕێی بنبەست و ناکۆتا
نە کۆچ تەواو دەبێ و... نە من
نە تۆ دەوەستی و... نە ڕووبار!
.........
ئەم شەوە بستەباڵایە... کرنۆش بۆ کام بتی درزبردوو
دەبات
جەستە بۆتە گلۆڵەبەن
بەم هەورازە لێژەدا هەڵدەگژێ
جەستە چوون پرد، بەسەر دەریاکانی ڕۆحدا تێدەپەڕێ
زەوی تاسەباری کێڵگەی گەنمەشامییە و...
شەقامی کردۆتە بۆینباخێکی قەترانی!
.........
چەند تەتەرێکی تەنیایە!
تەلەسمێکی ئەرژەنگە... ئەم پردە سووتاوەی بەسەر
دەریای خۆڵەمێشدا دەڕوا
جێپێ دەبێتە پشکۆ... و
شەقام دەبێتە سوچێوی هەنگاوی شێت
ئەسپێکی سەهەندە بەفر
بیابانی ڕۆح تەی دەکا... و
ئاگردانی جەستە دەتوێنێتەوە!
ئەسپێکی سەهەندە ئاگر
سەهۆڵبەندانی جەستە هەڵدەگیرسێنێ!

له کەناری ئەم خەونەدا
حەقیقەت چاڵە... و... یەقینی تیا بەندە!
له کەناری ئەم کابووسەدا
دارستانێکی گومان و... کێڵگەیەکی ترس ڕوواوە!
.........
گومان دەکەم، من خۆم بم و،
دارستانیش دارستان بێت
دەترسم من پێغەمبەرێکی بێ نەوە و نەتەوە بم
دارستانیش ماڵێکی بێ چۆلەکە بێت!
.........
ئەمە گۆرانییە... یان تەڵقین؟!
ئەمە سوورەتە... یان هۆرەی مەرگ؟!!
ئەمە ئایەتە... یان ونبوون؟؟!!
.........
ئەمە تەرمی ئێوارەیە بەسەرشانی کازیوەوە
دەدرەوشێتەوە
ئەم بێشکەیە بای یاخیبوون ڕایدەژەنێ
نانی زیندوو وێنەی جەنگی مردووەکان دەگرێ
لەبیرچوونەوە... ئەم داستانەی بیرهێنامەوە
لەسەر لاپەڕەی بەردینی جەستەمدا
پەیکەری ئەم کێڵگەی گەنمەشامییە هەڵکەندراوە... و
تارمایی داهۆڵە و...
پەلەوەری ڕۆح دەفڕێنێ!
.........
وەرە گوێ لە بانگەوازی خوێن بگرە...
دڵم هۆڵێکی داخراوی پڕ لە تەرمە
ئەلبوومی جەنگی مردووەکان و، مەرگی زیندووەکانە
بیابان دەرۆزەکەری جەستەیە، و



چاڵ قەڵایەکی قووڵە... و... سیخناخە لە کەللەسەر!
.........
گومان دەکەم،
ئاسمان ئاسمان بێ و،
زەویش زەوی!
دەترسم ئەستێرە تراویلکە بێ و... ئەم گۆیەش
هێلکەیەکی ڕژاو!
ئەم ڕێگایە...
تەکیەی هەموو هەنگاوێکی کەسپێنەزانە!
حاڵ دەمگرێ و...
لەبەردەم شێخی ڕدێنڕەشی مەرگدا سەما دەکەم!
تەنیام،
وەک تەنیایی تیشک و بەرد و... ئەستێرە و... گەل
وەک تەنیایی سوپای سێدارە و... وروژمی لافاوی چاڵ!
شێتم،
وەک شێتبوون!
کۆچەرم،
وەک کۆچ و، هەنگاو و، ڕێگا!
تەنیا و تەنیا من نەمردووم...
چ ڕێکەوتێکی دڵتەزێنە ژیان!!!
.........
باران، ئەم وەرزی تارماییە دەنووسێتەوە
ئاسمان، برینێکی دەم دابچڕاوە و... ڕووباری خوێ
دەیشواتەوە!
منداڵییم کۆچ دەکات و،
دوای وەرزەئازارێکی ڕەسەن...
پیبیری دێت و...
بیرچوونەوە ئەم داستانەم بیردەخاتەوە!

تەمووز نوحێکی بێهاودەم و... بێکەشتی و بێپەیامە!
کۆشکی نەستەوتن ماڵێتی
دەرزی بچکۆلەی هەنگاوی...
تەقەڵ تەقەڵ... ڕێگای بنبەست و ناکۆتا دەدورێت و،
بە تاڵەخوێنی زامی دەمدابچڕاوی
پارچە پارچە،
هەور دەکاتە پینەی گەورە و...
بەنێوشانی ئاسماندا دەیدورێتەوە
بارانیش،
دڵۆپ، دڵۆپ
وەرزی تارمایی دەنووسێ و
شاخی خۆڵەمێشییش، دێڕ بە دێڕ دەیخوێننەوە!
.........
دەریا پڕە لە شەپۆلی شیعر و...
منیش پڕم لە ماسی چاوڕەش
زامی من... ئاوازی بێدەنگییە و... هی دەریاش... سترانی
خوێنگەش!
سەدەی ڕەهەندەیی و...
بێخەویی و...
بێشکەی فرمێسکە تەمەن
گیان باڵدەگرێ و... هەڵدەفڕێ و...
منی وەکو پەڕێکی نەرم لە جەستەیدا هەڵگرتووە
ئەم بارانە... بۆنی سەرابی لێ دێ!
ئەم سەرابە بۆنی ژەنگ و...
ئەم ژەنگە بۆنی پۆدرەی خوێن و...
ئەم خوێنەش بۆنی مێژوو!
.........
ئەم چامەیە دوکەڵی جەستەمە... و



بەسەر دەریای نەوتدا تێدەپەڕێ
وەرزی کۆچ و...
ونبوون و... سوتماکە... ئەم سەدەیە!
.........
هاوڕێیەتی من و ڕێگا...
لە شەوی ئایەتی ونبوونەوە ڕوویدا
ئەو شەوەی مزگەوتەکان بوونە تاراوگەی کتێبە
ڕەنگزەردەکانی خوا و...
چاڵەکان بوونە تەکیە و...
بەردەنوێژەکان نەزیف بوون و...
حەواکان بە گوللە ئاوس کران و...
ئادەمەکان بە لەزگەی تف دەمیان بەسترا.
.........
ئەمە سوورەتە یان تەڵقین؟!
ئایەتە... یان قیژەی مردوو
من و ڕێگا
من و ونبوون
ئەو شەوە یەکترمان ناسی!
هەموو دەموچاوەکانم هەڵوەرین و...
هەموو پەنجەکانم بوونە دەموچاو،
ئەم جەستە تەنگەبەرەی ئێستام... تاراوگەی دڵمە و
ئەم سەرە چکۆلەیەی ئێستا... تاراوگەی بیرمە!
.........
پەڕینەوە پردە و... بە بەردی دەرد چنراوە!
هەموو بەردێ لە روخساری مرۆڤ دەچێ
هەموو گڵکۆیەک تاراوگەی جەستەمە!
چەند پرسیارێکی ئاگرە... لە ئاو دەکرێ و
چەند وەڵامێکی تەزیووە پەڕەکانی بەردی ڕووخسار

چەند سەدایەکی سامناکە بێدەنگی بەرسقی
مێژوو. ژوو. ژوو... ژوو!
چەند پرسیارێکی کراوەی زۆربارەیە، ئەنفال... فال... فال
فال... فال!

لەم بەفرستانەدا،جلی ڕووتبوونەوەم لەبەردایە
گلێنەم بەفرە و، برژانگم ئاگر.
وەرە... با قژمان بسوتێنین و قاچمان گەرم کەینەوە!
با هەناومان داگیرسێنین... تا ناومان
تا کالێنەی چاومان
تا عەشقی تەرزەبردوومان... تاوێ گەرم دابێ!
.........
ماسییەک نەماوە لە دەرگای دەریای دڵم نەدات
چۆلەکەیەکە نەماوە لە لقی شیعری مندا
هێلانە چکۆلانەکەی... قاقای ڕەشەبا... نەیڕوخاندبێ!
پەپوولەیەک نەماوە... لەم دارستانی خۆڵەمێشەدا
بۆنی سوتماکی گوڵ و... دوکەڵی ئاونگ نەکات!
.........
ئەم دەریا شەوارەکردووە
بەرەو کام مەڵبەندی ڕۆژهەڵات... تابووتی شەپۆل بار
دەکات؟!
ئاخۆ ئەم بەیانییە کام هەرێم دەمرێ؟!
دەمارەکانم جۆگەلەی شینن... خومی وەنەوشەییم ژێیە،
دوکەڵێ دەیژەنێ!
ئاخۆ ئەمشەو کام شاری کۆچەر دەخنکێ؟!
خوێن تەنها یادگاری منە، لای ئەم مێژووە پێخاوسە
دامناوە



کات تاڵە، دەڵێی تەمێکە و لە دوکەڵ هەڵکێشراوە
شوێن کاڵە، دەڵێی شاخێکی ئاوەڕووتکراوە
هەنگاو هەنگاو دەکوژێ،
چاو چاو سەردەبڕێ،
زمان زمان دەتوێنێتەوە
باران دڵۆپە کۆرپەکانی خۆی دەتاسێنێ و!
ئاسمان پەڕەکانی مێژووی هەور دەدڕێنێ و
بەردیش دراوسێکەی خۆی بەردباران دەکات!
.........
من خەڵکی تاریکیم و...
لەم تاراوگەی خۆرەدا... پەناهەندەیەکی بێپەنام!
ئەم تیشکە فێڵبازە ئازارم دەدا
هەموو جەستەی کردوومەتە زامی گومان.
بوومەلەرزە، هیستریای زەوی و سەمای مردووەکانە
ئەم شەپۆلانە گلکۆن
پڕن لە ڕووخسار و چاو و... زمانی بەستوو!
ئەم هەورە مێژوو دەبارێنێ... مێژووی زەمەنێکی نوستوو!
.........
خاوەنی چیم!؟
جگە لە هەنگاوی کۆچەر و،
پەیامی دووکەڵ و،
شوێنەواری دێ و دارستان!
نە هەور هی منە.نە باران!
خاوەنی چیم؟!
جگە لە جەستەیەکی چۆڵ و هۆڵ و،
شانۆیەکی بێ تەختە و،
ئاڵایەکی بێ پارچە!
نە چیا هی منە و... نە باخچە
نە با، نە ئەستێرە، نە خۆڵ و... نە خونچە!

ئاوێنە تاپۆی گڵکۆم دەداتە دەست
دەریا شەپۆلی تابووتم دەدا بە گژدا
نە فەرهەنگ هی منە و ،نە وشە!
نە ئەتڵەس هی منە و... نە نەخشە!
من،
تەنها،
خاوەنی (هیچ)م!
.........
لەم چەقەڕێیەدا، ئێسقان بۆتە پەیکەر!
لەم قاچاخستانەدا، شیعر بووەتە وشەی پەڕاگەندە
سپێدە بۆنی هەوری کوللەی لێ دێ
نیوەڕۆ تامی کۆچ دەدا
ئێوارە دەریایەکی ئیفلیجە و،
لە مینای چاوەڕوانیمان دەوەستێت و...
بە گۆچانی مەرگ... تابووتە شەپۆل دادەگرێ!
.........
وەکو ماسی دەرژێینە ناو شەپۆلەوە
باران ئەم کێڵگەی گەنمەشامییەی گلاوکرد و،
ئەنفال... بیسملی کرد،
لەم چەقەڕێیەدا جەستە بووەتە تابلۆ!
تەرزە ڕاستگۆیی بێنوێژ کرد و،
لم غوسڵی دەرهێنا...
بە لم تەیەمومم دەکرد و... دەچوومە سەر بەرماڵی
تابووت
فاتیحام بۆ ڕۆحی زەردەواڵە و... کلێشەی کوللە و،
مەگەزەکان دەخوێند!
لە پریاسکەکەمدا،
سەدان تەزبیحی ئیمام شکاوم شاردبووەوە
ڕۆژ هەتا ئێوارە... سلاواتم دەدا!



وام لێهاتبوو... پێم وابوو لم ئاوریشمە لە ژێرمدا...
تابووت قۆزاخەیەکی پڕ مرواریییە و...
زەردەواڵەکان هەنگن و...
کوللەکان پەپوولەن و...
مارەکان کرمی ئاوریشمن!
سلاواتم دەدا!
دەیانووت فرمانی خۆبەتی... هی ئەو...
ئەو تاقانەیەی سوورەتی ونبوون لە لمی!
بۆ ناو چاڵەکانی ئێمە دابەزاند!
ئەو تاقانەیەی، وەک دەنکە هەنارێکی گەییو
داینی بە عەرزا... دەنکەکانمانی پژاند!
ئێمەی هەناری دەنک ڕژاو،
ڕژاو بەناو گەردوونێکی تاراوگەیی و... ئۆقیانووسێکی
هار! تازە چۆن کۆدەبینەوە
تازە چۆن دەبینەوە بە هەنار!
.........
دەڵێی مارەم لە زریان بڕاوە
هەموو ئێوارەیەک دێت و... جەستەم پڕ دەکات لە لم!
من لە زەوی پیرترم!
پیریی پەتایەکی سووک و... تاهەتاییە!
بە پیری لە دایک بووم!
بە پیری مارەیان لە زریان بڕیم! مردن گەنجی کردمەوە
تا... بوومەوە بە ساوا!
ساوایەکی ڕەنگ ڕەژوو!
بوومەوە بە ئاولەمەو، چوومەوە نێومنداڵدانی مێژوو!!
.........
کە ئەتڵەس سکی پڕ دەبێ
وا دەزانم، ها ئەمرۆ... ها سبەینێ
سەدەی خۆبەتی و، لە دایک دەبم!

که تەرمی نەخشەکەی جەستەشم دەبینم
بەسەر دەفەی شانی جوگرافیاوە
دەزانم ئەفسووس ئەمجارەش... لەباری دەچم!
نە دەبمەوە بە پیرێکی ساوا... و
نەش لە پەرتووکێکدا دەبم بە دەرسێکی کورتی مێژوو!
چاوەڕوانی سکپڕبوونێکی تری ئەتلەس خان دەکەم؟!
...........
هەنووکە... لە وێستەگەی چاوەڕوانیدا
لەسەر کورسییەکی ئاگرین دانیشتووم... دەنووسم!
دەنووسم، چامەیەک بۆ ئەنفال!... نامەیەک بۆ مێژوو!
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە!!
لە چۆڵایی گەردووندا، بێ بڵندگۆ
خۆم ڕەنگم،خۆم دەنگم... خۆم سەدا
خۆم تەوارێکی زامداری هەودا
یەک وشە دەبێتە هەزاران...
ئەنفال... فال... فال... فال... فال... فال... فال...
فال... فال... فال... فال... فال... فال...
فال... فال... فال... فال...
فال... فال...
فال...
ف
ا
ل
هەرگیز تەواو نابێ، ئەنفال!
زستانی ۱۹۹۳ شینسکاتابێری – سوێد



## تێبینییەک دەربارەی ئەم چامەیە

تەیموری پاڵەوانی ئەم چامـەیەی من، پاڵەوانێکی ئەنفـال و تاقـە زیندوویەکی نێـو هەزاران زیندەبەچاڵکراوی ئەنفـــالە. لە ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ی باشـــووری کوردستـاندا، لە یەکـەم فـیـستـیڤـاڵی شـیـعـریدا کە بەناوی (فـیـسـتـیـڤـاڵی شـیعـر و پێشمەرگە) لە سەرتەکی بناری بەمۆدا سازدرا و منیش یەکێک بووم لە بەشداربووەکان، تەیموور عـەبدول، وەک پاڵەوانێکی قـوربانی، پاڵەوانێکی بچکۆلەی ئەنفـال، هێنرایە سەر شانۆ و لە لایەن کاک ڕەئوف بێگەردی چیرۆکنووسەوە پرسیاری لێکرا و هێنرایە گۆ... داستانەکەی تەیموور بەوە دەستی پێ کرد... (هەموومانیان خستە چاڵێکی گەورە و... دەستڕێژیان لێ کردین...، ...، من بریندار بووم...، تاریک بوو...، وتم با ڕاکەین ئەو نەیوێرا و لە چاڵەکاندا مایەوە، من ڕام کرد و کەس پێی نەزانیم، تۆزێ دوورکەوتمەوە... شۆفلّ خۆڵی بەسەریاندا کرد و چاڵەکانی داپۆشی......،...)... ئەوەی تەیموور گێڕایەوە، ئەو منداڵەی کە لەو کاتەدا تەنها یانزە ساڵ بوو، هەمیشە لە گوێمدایە و... لە خۆشترین ساتی ژیانمدا، لە هەموو شوێنێکدا تەیموور دێت و مێژوویەکی سامناکم بۆ دەگێڕێتەوە... ئەنفال.

ساڵی **۱۹۹۳** کە گەیشتمە سوێد بۆ ئەنفال و بۆ تەیموور و بۆ ئەو پەپول کچەی کە بەزیندوویی لە چاڵەکەدا بەجێما و بە لم داپۆشرا و بۆ هەموو ئەوانەی تر کە بەزیندووی و بەبریـنداری و بەکوژراوی لە چاڵەکانی بیابان بەلێفـەی لم داپۆشران، ئەم چامەیەم نووسی.

ئێستاش کە ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی ۲۰۰۲ە، دووبارە نووسیمەوە و بەگۆڕانکارییەکی زۆرەوە دامڕشتەوە و پێشکەشی خوێنەری دەکەم.

## باڵێ لە ئاگر، باڵێ لە بەفر

ئەو باڵندە بەفرینانە، ئێمەین!
ئێمە!
ئەو مرۆڤانەی لە ئاسمانی کۆچدا
تەنها بەفڕین دەپەیڤین!
فڕین زمانە!
بەفڕین سادەترین و بڵندترین زمانی گۆرانی چڕین
ئەو باڵندە ئاگرینانەش هەر ئێمەین! ئێمە!
ئەو شەیتانانەی لە دۆزەخدا نیشتەجێین!
خەڵکی دەڤەرێ،
ساکار و سەهەند، بە زمانی نەرمی یاخیبوون دەپەیڤێ



## دیسان سەحەرە

ئەوە سەحەرە ،سەحەری جەژن
سەحەرێکی خۆشۆردوو بە شەونمی نیگاکا شەرمنەکانی کانیی
سەحەرێکی تەزیوو بە تەرزەی تەزوو
سەحەرێکی بەجۆشتر لە کامەرانیی
سەحەرێکی بەژنزراڤ
ئارایشتکراو بە گوڵەمێخەکی خەندە و،
گوڵەسۆسەنی سەما و،
سورمەی پڕشنگی سەوای سپێدە
سەحەرێکی تەڕتر لە ئاو
چ شەنگترە لە بەیان، لە کازیووە، لە سپێدە.. ئەم سەحەرە
تۆ بڵێی هی ئەوە بێ کراسی نوێی جەژنی پۆشیووە؟
یا هی ئەوە بە کلی دڵنیایی چاوەکانی ڕشتووە؟
ڕەنگە هی ئەوە بێ ئەمجارە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی کردبێ بە ملپێچ
یا هی ئەوە بێ خۆری ئالای وڵاتێکی بێنەخشە نەخشاندبێتی
دەبێ سیحری ئەم سەحەرە چی بێ؟
دەبێ بەژنی ئەم بەیانی جەژنە لە کوێوە ئەم زراڤییەی هێنابێ
چەند جوان و زەریفە هەولێر، ئەم سەحەرە، بەم هەموو گوڵەبەڕۆژانەوە
کە چاو لە چاوی خۆری ئالاکەی سەر قەڵا ناتروکێنن
کێ بوو گوتی هەولێر پیبیرە، با بێت ئەم سەحەری جەژنە لە بەژنی بڕوانێ!
با بێت تەماشای تروسکەی تیللەی چاوی بکات، چەند بە تەلیسمە
با بێت لە خەندەی خیابانەکانی ورد بێتەوە، چۆن هێشووی خەونی گرتووە
بنۆڕێتە گەردنی بێگەردی گڵکەند، بۆنی گوڵاوی ئەو گڵە بکات
کوا پیبیرە ئەم هەولێرە، کەی پشتی کووڕە؟ ئەگەر وایە کوا گۆچانەکەی؟
ئەی بۆ ناوچەوانی مێژووی لۆچێکی تیا نییە؟! ئەم شلێرە!

ئەوە سەحەرە،
سفرەی سەحەری جەژن ڕازاوەتەوە بە نێرگزی نیاز
بە شەرابی شەونم، بە پیاڵەی ڕاز

خوانی ڕازاوەی سپێدەی جەژن، چاوەڕوانی بانگە
بانگی هەقیقەت.. بۆ بانگکردنەوەی ئەو ڕووناکییەی شەوەزەنگ بردی
بانگێکی زوڵاڵ، زوڵاڵتر لە ئاو
بۆ بەخێرهێنانەوەی گزنگ و، ڕۆژباشکردن لەهەتاو
بانگێ لەچەهچەهەی بولبولێکی ئازاد بچێ
بانگێ لە گمەی کۆترێکی چەرموو بچێ
بانگێ وەک سەمفۆنیا سادە بێ
سەحەرە، سەحەر
سەحەری سیحراوی جەژن
پیاڵەکان چاوەڕێن لە یەکەم چرکەی چەهچەهەدا پڕ بن لە شەرابی ئازادی
کاسەکان پڕ بین لە مەززەی میهر و،
نێرگزی نیاز یش چوون "سێوە" لاسوورە بە تەمای چرپینە، موناجاتێ بۆ سەحەر
ئەوە سەحەرە، سەحەری جەژنە.. خوشکینە، براینە
ئەوە سەحەرە
"ئەمن دوعایەکی دەکەم، ئەنگۆ بڵێین ئامین"
خودایە ئەم ڕووناکییە ڕوونتر، ئەم ئاوەدانییە ئاوەدانتر بێ.. ئامین
تاجێکی کەسک و سۆر و زەرد لە سەری بڵندی شاخ بێ.. ئامین
لە زۆری زاڵمانی زەمانە بەدوور بین.. ئامین
لە ڕەشەبای کیمیا، لەلافاوی ئەنفال، لە مەرگی ناوەخت، لەزیندانی بەخت، لەگازی ژەهر، لە شەپۆلی قەهر، لەگازی سەگی هار، لە پەلامار، لە سەربڕین، لە سێدارە، لە ئەنجنین، لە هاڕین، لە تێبڕین، لە کۆمردن، لە جەرگسووتان، لە ڕەشپۆشی، لە کەمهۆشی بەدوور بین.. دوور.. ئامین

هێشتا "سێوە" لاسوورەی سەر خوانی سپێدەی جەژن
لە موناجات نەبووبووە
هێشتا دوانزای مابوو بیکا.. ئەوانی دیش بڵێین ئامین
فریاد بواری نەدا پیاڵەی ئاسوودەیی هەڵگرن و پێکی گەردنئازادی نۆش بکەن
"سێوە" لا سوورە نەیزانی کامەیان بوو سفرەی جەژنی ژێروژوور کرد
لافاوی ئەنفال بوو یا شالاوی قەهر؟!
شمشێری شەدداد بوو یا ڕەشەبای ژەهر؟!



کام بەرد بوو ئەم پیاڵە کریستاڵانەی شکان
بەردی ڕەش بوو، یان بەردی سەنگەسار؟!
کام سیکارد بوو ئەم سێوەلاسوورەیەی لەت لەت لەت لەت کرد
کام تیغ بوو دڵی ئەم عەشقەی دڕان
هەدیەکەی ئەبوجەهل یان ئەرمەغانەکەی سوڵتان؟!
هی کامیان بوو،کامیان؟!

لەو چرکەیەدا سەحەر ی جەژن، سەحەری هەولێر
چوون کارژۆڵەیەکی سەربڕاو، لە تاو تیغەئاگرینەکەی سەرگردنی
لە تاو شەپۆلی قەهری مەرگی لە ناکاو
لە حەژمەت ژانی ژەنگاوی بۆمبا
لە حەسرەت دزینی دوا ساتەکانی ژیان
نەتدەزانی چۆن پەلەقاژەیەک دەکا، چەند سەخت دەدا!

سەحەر لەت لەت بوو، کەرت کەرت، پارچە پارچە
لەژێر وێرانەدا کەرتەکان گەردنئازادیان لە پارچەکان دەکرد
لەتەکان دڵیان نەدەهات بە هەولێر بڵێین ماڵئاوا
قەلا نەیدەزانی ئەم کەرت و پەرتانە چۆن کفن و دفن بکا؟ گڵکەند نەیدەزانی چۆن بیاننێژێ؟
ئالا پێش ئەوەی بشەکێتەوە بوو بە کفن
کەرتەکان لە پارچە و لەتەکان جیانەدەکرانەوە
هەر کفنەو لەتێک و کەرتێک و پارچەیەیک لە سێوەی کوژراویان گرتەخۆ
بردیانن بۆ گڵکەند
چ سەیرە ئەم گڵکەندە، چەند سەهەندە، گوتی:
مەحاڵە یەک گەردیلە گڵی دڵی من، ئەم ئالایانە داپۆشێ
مەحاڵە، مەحاڵ!
هەڵیاندەنە ئاسۆ با بین بە کۆتر
با ئاسمان بزانێ لەمەودوا
کۆتری سوور و کەسک و زەرد هێمایە بۆ ئاشتی
لەتەکانی سێوەلاسوورەی شەلاڵی گمە و نوقمی هەڵفڕین

کەرتەکانی سێوی لێوبەستران و، چاو پڕ لە سیحری سەحەرێکی جیا
سەحەری پاش ڕاچەنین
سەحەری دوای ژان و دوای هەژان
لە ئاسمان
ئاسمانی چل ملیۆن کۆتری کەسک و سۆر و زەرد
دۆعا ناکەن، لە جیاتی دۆعا
بە یەک دەنگ و تێکڕا سروودی سەحەر دەڵێن.

شەوەزەنگ بۆمبای تاریکیی پێیە
چاوی بە عەشق و ژیان هەڵنایە

ڕەشەبا ڕقی لە هێمنییە
مەیلی لای مەرگ و لای وێرانییە

لافاو حەز ناکا لە کەناری جوان
شالاو دەهێنێ بۆ سەوزایی و ژیان

ئێمە ڕووناکیین، سەحەر دەدوێنین
خۆر لە باوەشی ژیان دەنوێنین

سروەین هەناسە دەدەین بە سروشت
باوەشێن دەکەین شاخ و دۆڵ و دەشت

وەک کانی دڵنیاین لە ڕوونی و ڕووگەمان
وەک باران بەهیواین تەڕ ببێ نیشتیمان

چوون کۆتر هەمیشە سەرمەستی ئاشتی بووین
وەک دەریا سەوداسەری گەشتی ئازادی بووین

سەحەری ئازادی، شەنگە پڕ لە سۆزە
جەژنانەی ساڵی نوێ و، نەورۆزە

٢٠٠٠/٢/٧



# پێڕست

ئەو پردانەی ناگەنە هیچ کوێ ........ 7
هەسارەیەکی دوور دوور دوورتر لە دووری ... 13
یۆگـایەک لە ژوواندا ........ 19
لێرە و لەوێشم ........ 27
من بەهەناسـەی پەپوولەیەک دەژیم ........ 31
لەژێر ساباتی ماچدا تا بێ کۆتا خۆشەویستی 37
پەیام، شیعر، عەشق ........ 40
وەرن با هەموومان یەکتریمان خۆش بوێ ...... 41
تۆ ........ 45
حەزرەتی عومەری کوڕی خاوەر ........ 47
ئاه لە گوناه ........ 52
پیـاوێک لە ئاوریشم ........ 53
نیشـتـیمـانی نێوان دوو زێ ........ 57
تۆ شاکاری من شاکارستان ........ 63
هێشووی عەشق ........ 69
ئاوێنە ........ 73
شین وەکو دەریای سپی ........ 74
یـاری ........ 76
لە پشت بەردەنوێژی عەشقدا ........ 79
گۆرانییەکی بێدەنگ ........ 83
زمانت هەورە و پەیڤەکانت باران ........ 87
یەکـەم وتە و دوا وتەی من ........ 93
خۆشەویستی لە دەڤەری گوناهدا ........ 97
تاڤگەی تراویلکە ........ 101
لەتەکانی عەشقاوێنەکەم ........ 107
من لە دۆنی مـەریەمـدا ........ 113
واو ........ 117
هەنار ........ 121
هەوێن، زیزبوون، کۆچ، غوربەت ........ 122
چامەیەک بۆ ئەنفال، نامەیەک بۆ مێژوو ...... 123
شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە ........ 125
تێبینییەک دەربارەی ئەم چامەیە ........ 162
باڵێ لە ئاگر، باڵێ لە بەفر ........ 163
دیسان سەحەرە ........ 164